بزاڤ 2



# چیرۆکەکانی کریلۆڤ

عەزیز گەردی

لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

هەولێر ——— ١٩٩٩

❁ تێبینی : ئەم نامیلکەیە ساڵی ١٩٨٦ کراوە بەکوردی.

❁دەقی ئەسلی : حكايات من روسيا : تأليف أيڤان كريلۆڤ – ١٩٦٩

❁وەرگێرانی : عەزیز گەردی

❁ چاپی یەکەم

❁ راکێشان : (١٠٠٠) دانە

❁ سەرپەرشتی چاپ: سەلیم قادر

## ســـــوپـــاس بۆ

- بڵاوکردنەوەی لە لایەن کاک محەممەد خدر مەولوود لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز.

- تیپ چنینی مەحمود محەممەد گەردی و نیهایەت عەبدوڵەحەد.

- دەرهێنانی جەوهەر فەتاح.

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست !

ئەم چیرۆکانەی بەردەستت ئیڤان نووسیونی ، ئیڤان کریلۆڤ کە نووسەرێکی بەناوبانگی ڕووسە . نووسەرە ڕووسەکان خۆیان لەبارەی کریلۆڤ وبەرهەمەکانی دەڵێن :

"" ئەگەر دەتەوێ گەلەکەمان بناسی ، برۆ کریلۆڤ بخوێنەوە !""

کریلۆڤی باوکی ئیڤان ، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کاترینی گەورە ١٧٦٢ –١٧٩٥ ، ئەفسەر بوو لەسوپای ڕووس وبە توندی لە ڕووی (پۆگاچیڤ)ی ساختەبازەوە وەستا کە کەڵەوەکێشی لەگەڵ کاترین خان دەکرد . ئیدی پۆگاچیڤ سوێندی خوارد تۆو توخماتی کریلۆڤ ببڕێنێتەوە وبە خاوو خێزانەوە لەناویان بەرێ ، بۆیە ئیڤانیش کە ئەوسا چوار ساڵان بوو ژیانی کەوتە مەترسی وگوایە دایکی لەناو مەنجەڵ شاردوویتیەوە ، تا دەستی دوژمنانی پێ ڕانەگا.

ئیڤان یازدە ساڵان بوو کە باوکی ئەمری هەقی بەجێ گەیاند ، لەوە بە دواوە دایکی بە بێوەژن کۆشی ودەردەسەری بەخێوی کرد، بەڵام باشی بەخێوکردو باشیشی پێ خوێند . ئیڤان چواردە ساڵان بوو دایکی بردیە مۆسکۆ بۆ ئەوەی بەڵکو لە شوێنێ دایبمەزرێنێ و

قرێژە پارەیەکی بێتە دەست ، بـەڵام پاش شـەش ساڵ، واتـە کـە ئیڤان بیست ساڵان بوو ، دایکی مـرد . ئیڤان بـە تـەنێ مایـەوە ؛ بـەڵام رێچکـەی خوێندن ونووسـینی بـەر نـەدا . کەوتـە سـەر خوێندنەوەی فەرەنسـی وئـەڵمانی وئیتـاڵی وشـارەزاییەکی باشـی لـەو ئەدەبانە پەیدا کرد . فێری کەمانجـەژەنینێکی باشیش بـوو . یـەك دوو جار خۆی لە نووسینی رۆمانی کۆمیدی دا بەڵام سـەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا .

بە خێرا (لافۆنتێن)ی فەرەنسـیەوە ، ئیڤـان ناوبـانگی تەقیـەوە . ئەوە بوو چیرۆکێکی لافۆنتێنی وەرگێڕا ، خەڵکەکە زۆریان پێ‌خۆش بوو . لە هەموو شوێنێ پێیان هەڵدەگوت وپەسنیان دەدا. ئەم پەسـن وپێ‌هەڵگوتنـە دنـەی دا خـۆی چـیرۆکی لـەو جـۆرە بنووسـێ ... چیرۆکەکانی بە گەرمی پێشوازیان لێ کراو تەنانەت نەخوێندەواریش بە زار بۆ یەکتریان دەگێڕانەوە .

ئیڤان هێرشەکەی ناپلیۆنی دی بـۆ سـەر مۆسـکۆ ولـە چیرۆکێکا باسی دەکا . پاش ئەوەی ناوبانگی ئیڤان بڵاوبووەوە ، دوو شاهنشای گەورە ومەزن لە پـەنا خۆیـان گـرت وریزیـان لێنـا – ئەسکەندەری یەکەم ونیکۆلای یەکەم .



CamScanner

ئەسکەندەری یەکەم لە کتێبخانەی شاهنشاهی‌دا پایەیەکی باشی دایەو مووچەیەکی چاکیشی بۆ بڕیەوە . ماری شاهنشابانووش خستیە ڕیزی برادەرەکانی خۆی‌و لەسەر خوانی خۆی خواردنی بۆ دادەنا ، ئەمەش ڕێزێکی زۆر گەورە بوو لە کەم کەس دەندرا .

ئیڤان کابرایەکی شڕو شپرێو بوو ، هیچ لە خۆی نەدەخەفت ، زۆر برادەر لەسەر ئەوە لێی بە گازاندە بوون ... هیچ گوێی بە ڕێك وپێکی وپاك وخاوێنی نەدەدا . چنکە نانی لەسەر مافوور وقاڵی بە گۆڕێ وەردەکرد وچۆلەکە لە پەنجەرەوە دەهاتنە ژوورەکەی وپیسیان دەکرد.

ڕۆژێ ئاهەنگێکی خنجیلانەی (خۆگۆڕین – تنکری) دەکرا ، ئیڤانیش داوەت کرابوو . حەزی دەکرد بچێ بەڵاّم نەیدەزانی چۆن چۆنی وا لە خۆی بکا نەناسرێتەوە . ئەو حەلە لە ماڵی (ئولونینی هاوڕێ بوو . (ئەننا ئولونین) کە کچێکی ژیرو بچکۆڵانەی خانەخوێکەی بوو ، پێی‌گوت :

" ئەوە هەر زۆر ئاسانە کریلیشکۆ ! بڕۆ خۆت جوان بشۆ ، ڕیشت بتاشە ، جل وبەرگێکی پاك وخاوێن لەبەرکە ، کەس ناتناسێتەوە . "

که ئیڤان کریلۆڤ مرد میری به ڕەسمی ناشتی وهەزاران کەس ، لەهەموو چین وتوێژێك لـه دوای تەرمەکـەی ڕۆیشتن . بریاریـان دا پەیکـەرێکی بـۆ دروست بکـەن ، بـۆ ئەمـەش پیتاکیـان کۆکـردەوە وگەورەو بچووك له سەراپای وڵات ، هەر کەسه به قـەدەر حـاڵ ، پارەیـان بەخشـی وپەیکەرەکـەیان لـەناوەندی باخچـەی هاوینـەی سانت پترسبورگ (لینینگرادی ئێستا) قیت کردەوە . پەیکەرەکه بـه بەرگی ڕۆژانەوە دروسـت کـراوە وکتێبێکـی بـه دەستەوەیە ولەسـەر بنکەی پەیکەرەکەش نموونـەی هـەندێ لـه چیرۆکـەکانی نووسـراوە وەکو چیرۆکی (بەخت وخازەلۆك) که له سەرانسەری ڕووسـیا هیـچ منـداڵ نیـه زۆر بـه چـاکی نـەیزانێ وبـه خۆشـی بـۆ برادەرانـی نەگێڕێتەوە...

ئیـتر ئومێـدەوارم منداڵـەکانی ئێمـەش ئـەو تـام ولەزەتـه لـه چیرۆکەکان بکەن وسوودیان لێ ببینن ...

٣٠ / ٨ / ١٩٨٦

عـــەزیـز گـــەردی

بەحـــرکـــە

## ١ - بەخت وخازەڵۆك

خازەڵۆکێك هەموو جارێ کەشکۆلی لە مل دەکرد وماڵەو ماڵ دەگەڕاو دەرۆزەی دەکرد ، دەناورایەوە ، دەنووزایەوە ، بە زەیی خەڵکی دەبزواند ؛ ئەوانیش سکیان پێ دەسووتا وبای ئەوە خێریان پێ دەکرد کە قنیاتی پێ بکا . ئەو خازەڵۆکە کاتێ دەرگە بە دەرگە دەگەڕا ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت :

[ تۆ سەیر کە سەیر کە بنیادەم ڕەوشتی چەند سەیرو عاجباتیە ! جا چەند بە تەماع وچاوبرسی وچاوچنۆکە ! هەر چەندە دەوڵەمەند بێ‌و سامانی زۆری هەبێ قەت دڵی پێ داناکەوێ وئۆخژن لە خۆی ناکا ، وا دەزانێ هیچی نیەو بەو بێ دونیا هەمووی هی ئەو بێ .

– هەها ، ئەم خانوە دەبینی ؟ ئەمە ماڵە بازرگانێکی دەوڵەمەندی تێدا بوو ، پارە وسامانێکی زۆری وەسەریەك نابوو ، بەلاّم بە قسمەتی خوا ڕازی نەبوو ، ویستی پەرە بە سامانەکەی بدات وزۆرتری بکات . هەستا کەشتیگەلێکی زۆری بازرگانی کڕی ، ملی لەبەر بازرگانی نا ، چی پارەو پوولی هەبوو هەمووی بە کەل وپەل داو لە کەشتیگەلی بار کردو بە ناو دەریاو ئۆقیا نووساندا بۆ هەندەران هاژوای ؛ بەلاّم بەختی کۆك وتەیار نەبوو، ڕۆژگار

پشتی تیّکـــردو کەشتیگەلی لـەناو دەریـادا نقووم بـوو ، ئـەوەی هەیبوو ونەیبو، هەمووی ئاوو ئاو چوو .

– ئەو خانوەی ئەو بەری جادەش ماڵە دەوڵەمەندێکی تێدا بوو ، یەك ملوێن دیناری کۆکردبووەوە ؛ بەلاّم پارە لە سـەری دا بـوو ، بێنی بەو هەموو پارەیە نـەهات ، ویسـتی ملوێنیکـی تریـش خـڕ کاتەوە ، دەستی بە ئالّ ووێرو مامڵـەت ومـەزات کـرد ، دامـالاّو خۆی نەگرتەوە تا قەلۆش بوو وکەوتە سەر ساجی عەلی .

نەخێر ، براینە ! نابیّ بەم جۆرە گەلۆری وچاوبرسێتیە بژیـن ، نابیّ بە نەفامی رەفتار بکەین. ]

خازەڵۆك لەم بیرو دالغانەدابوو ، کت وپـڕ بـەخت لـە بـەردەمی پـەیدا بـوو ، پێیگـوت:[ خـــازەڵۆك هێـــواش ! لـــەمێژە دەمـــەویّ یارمەتیـەکت بـدەم ، کەشـکۆلەکەت بکـەوە ، چـەند زێـرت دەویّ بۆت تیّدەکەم بەلاّم ئاگادار بە ئەگەر یەك لیرەی بەر بێتەوە سەر زەوی سەراپای دەبیّ بە خۆلّ ، دیارە کەشکۆلەکەشت کـون بـوە ، جا وریا بە لە تاقەت وپێوستی خۆت زیاتر داوا مەکە . ]

خازەڵۆك هەر وەخت بوو لە خەنی خۆشیان شێت وشەیدا ببیّ .

یەکسەر زارکی کەشکۆلی کردەوە،زێرزرنگەی هات رژایە ناویّ .



CamScanner

بەخت پێی گوت : بەس نیە ؟

خازەڵۆك وەڵامی دایەوە : نەء ، هێشتا ، هێشتا .

– کابرا ! لە بیرت نەچێ کەشکۆلەکەت کون بوە ، دەدڕێ ها ، هەموو زێڕەکەت لێ بە گۆڕێ وەردەبێ .

– نا ، نــا ... نـادڕێ ... تێکـە ... زێـڕی تێکـە ... کەشـکۆڵەکەم هێشتا زۆری‌تر دەگرێ .

– گەوجە ، وریا بە ، کەشکۆڵەکەت قورس بوە ... پاشـان زەرەر دەکەی ، ها !

– تەنیا کەمۆکەکی دی ... تێکە .

– کەشکۆلەکەت هێندەی نەماوە تا دەرك ولێوان پڕ بێ ، بوو بە چی ؟ بەس نیە ؟!

– نا ، نا ... توخوا هەندێ زێڕی‌کەش ، ئینجا بەسسە .

لێرەدا کەشکۆلەکە تەقی‌و بوو بە دوو پارچە . هەموو زێڕەکـە بـە گۆڕێ وەربوو،بوو بە خۆڵ .

خازەڵۆك مایەوە خۆی وکەشکۆلی دڕاو . ئیـدی لـە شـوێن خـۆی تاساو سارد بوو ...

........................

مەڕێك زۆری ڕا لـە خـۆی بـوو . هێنـدەی ڕا لـە خـۆی بـوو لـە پێستی خـۆی چووبـوە دەرەوە ... ڕۆژێ سـەری گـەرم بـــوو ، وای لێخـۆش هـات بچـێ قەشمەریـەك بـە مـەڕەكانی دی بكـا . پێستە گورگێكی لەسەر خـۆی هەڵكێشـا وبـەناو مـەڕان كـەوت بـۆ ئـەوەی بزانێ كە گورگ لە مێگەلی نا ، مەڕ چ دەكەن وچۆن زارەترەك دەبـن، بەڵام مەڕی تاین هێشتا تـرس وتۆقـانی مێگـەلی نـەدی بـوو، كـە سـەگی دڕ تاویـان دایـە ، لێیـان مڕانـدو كەڵبـەیان لێ چــیڕكردەوە وخەریك بوو هەڵی بدڕن ... هێندەی نـەما بـوو بیدەنـە بـەر كەڵبـەو چڕنۆكـان كـە شـوان زانـی ئەمـە گـورگ نیـەو مـەڕە چۆتـە پێســتی گورگەوە ، ئیدی سەگەكانی دەنگ داو دووری خستنەوە .

مەڕی گۆڕین هەر وەخت بوو لــە ترسان زەندەقـی بچـێ ... كە سەگەكانی لێ دووركەوتەوە لە ترسان ولە هەژمەتان ئاگای لـە خـۆی نەما ، بووڕایەوە .

مەڕی زرنگ وهوشـیار دەزانـێ بـاش نیـە خـۆی بگـۆڕێ وبچێتـە پێستی گورگەوە .

.........................

نەقلە ودەگێڕنەوە ، دەڵێن : لە دێر زەمانـەوە مێروویـەك هـەبوو مێرووی وەکو خۆی نەبوە ونابێ . هیچ مێرووویـەك لـە هـێزو تاقـەت خۆی لە قەرە نەدەدا . بینا بە قسـەی مێژوونووسێکی ڕاستگۆ ئـەم مێروە توانیویە دوو دنکە جۆ بە یەك جار پێکەوە هەڵبگرێ .

ئەم مێروە وا نەبوو هەر تەنیا بە تین وتاقەت بێ وبەس بگرە زۆر ڕەشید وئازاش بوو . لەزات وبەجەرگیدا نلوبانگی دەرکردبـوو ـ کـە کرمێکی دەدی یەکسەر هەڵی دەکوتایە سەرو لێك وپێکی هەڵدەزڕاند، مەشوور بوو چۆن چۆنی شالاو بۆ سەر جالجالۆکە دەباو دەیخوا .

داستانی قارەمانێتی وکـردەوە نەبـەردەکانی ئـەم مـێروە هەمیشـە بەسەر زاری هەموو مێروەکـانی چیـاوە بـوو. بـاس هـەر باسـی ئـەم مـێروە بـوو ، هـەر کەسـێ چـاوی پـێ بکەوتایـە پـڕ بـە دەم پێـی هەڵدەگوت وبە باسی دلێری وئازایەتیدا دەهاتە خوارێ .

مێروەکەمان کە ئەم هەموو ستایش وپەسـن وپێهەڵگوتنـەی دەدی کەیفی دەسازاو شـایی لـە دڵـدا دەگـەڕاو شـای بـە سـەپانی خـۆی نـەدەزانی، چۆنکـە وا تێدەگەیشـت گیـانداریکی بـێ وێنەیـەو لـە هەموو گیانداران پایەبەرزترو شکۆدار ترە . ئیدی لە خۆی بایی بـوو،

[1]چیرۆکەکانی کریلۆف

لە پێستی خۆی چوە دەرەوە ، بە چیای خۆی ومێروە هاونیشتمانەکانی خۆی ڕازی نەبوو . بڕیاری دا بچێتە شارێکی قەوغە ، بەهەرەو توانای خۆی لەوێ دەر بخا بۆ ئەوەی ناوبانگێکی جیهانی پەیدا بکات وسەراپای دونیا سەری ڕێزو حورمەتی بۆ دابنەوێنیێ ودەستی بۆ بە سنگەوە بگرێ .

مێروو ، لەم بیرو لێکدانەوەیەدا بوو وەرزێرێکی دی عارەبانە قرشەیەکی دەبردە شار . ئیدی ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی وخێرا بە عارەبانەکەدا هەڵگەڕا.چوە سەر قرشەکەو لەوێوە چوە تەنیشت وەرزێرو خۆی مات کرد تا بە سەلامەتی گەیشتە ئەو شارەی خەونی پێوە دەدی .

مێروو وا تێدەگەیشت هەر هێندە گەیشتە بازاڕو پاڵەوانێتی خۆی نواند ئیتر خەڵك تێکڕا دەست لە ئیش وکار هەڵدەگرن ودێنە تەماشای کردەوە وئیشە دانسقەکانی ، بەلاْم تواهووو !! هەر کەسە خەریکی ئیشی خۆی بوو ، کەس هەر ئاگایشی لە مێروو نەبوو .

مێروو زۆری هەوڵ دا سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشێ - پەلکەدارێکی پان کردەوە ، چوە سەری ولەسەر ڕا بازی دا خوارێ، دووبارە چووەوە سەری . لەگەڵ ئەوەشدا تاکە کەسێ چیە نە

سەنگرایەوە سەیرێکی ئەم پاڵەوانێتیە ی بکا ، بگرە کەس هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە .

مێروو ئەوەندەی پاڵەوانێتی نواند تا شل وشەکەت بوو ولە هۆڵ ودۆڵ چوو ، کامی کرد ، بە تووڕەیی بایداوە بڕوا ، سەگێك لە تەنیشت عارەبانەکە وەرکەوتبوو ، لە سەگەکە چوە پێش وگوتی :

[ئەرێ باربۆس ، ئەوە ئەم شارە چتۆ شارە ؟ خەڵکی ئەم شارە نە هەستیان هەیە ونە هۆش ... چاویان نابینێ ، ئەمە بوو بە سەعاتێ مردم ئەوەندەی هێزو تاقەتی خۆم پێشان بدەم کەس هەر تەماشایشم ناکا ؟ باشە ، دەبێ نەیاندیبم ؟!! دەبێ منیان پێ هیچ نەبێ ؟ ئەگەر وایە ئەدی بۆچی لە وڵاتی خۆمان هەمیشە ناوم بەسەر زاری سەراپای مێرووەکانەوەیە ؟!]

بەم جۆرە مێرووەکە بە بەزیوی ونائومێدی وبە سەرکزی وچاوشۆڕی گەڕایەوە ناو شاخوداخی خۆی .

........................

## ٤ - بـــەڵـــەد

کەرێکی کوێر لە ناو دارستان ولێرەوارێکی چڕو پڕدا وێـل بـوو ، دونیا شەو بوو ، چـاو چـاوی نـەدەدی .کـەری کلۆڵ وبەستەزمان لەناو درەختان چەقیو نەیوێرا نە ڕوو بکاتە لای ڕاستەو نە بـە لای چەپەدا بڕوا .پەپوویەك لـە نزیکـەوە چاوی بـە کەرەکـە کـەوت ، زۆری سك پێسووتا ، بڕیاری دا ببێ بە بەڵەدو ڕێنیشاندەری ولـەم تاریکیە ئەنگوستەچاوە بەهانایەوە بێ .

هەموومان دەزانین پەپوو لە تـاریکی چاوی زۆر تیـژە . پەپوەکـە زۆر بە چاکی چەم وچغوردو کۆسپ وزەندۆڵ وڕێی خۆش وناخۆشی دەدی ، وەکو چۆن ئێمە بە ڕۆژی نیوەڕۆ شت دەبینین ، ئە ئاوا !

هێشتا ڕۆژ زەردەی نەدا بوو پەپوو کەری بـە سـەلامەتی گـەیاندە سەر ڕاستە ڕێی گشتی .

کـەر بەرامبـەر بـەم چاکەیـەی ( بەلـەد )ی دڵســوز بێئەمـەك دەرنەچوو ، داوای لە پەپوو کرد نەڕواو جێی نەهێلێ ، بە ڕۆژیـش هەر بەڵەد وڕێ نیشاندەری بێ .

، پەپوو ڕازی بوو ، بە شانازی ودەبدەبەوە لەسـەر پشـتی کەرەکە هەڵنیشت ، هەر دەتگوت پاشایەو حوکم دەگێڕێ .

بەم جۆرە ئەم دوو هاورێیە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن ، کە ڕۆژ هەڵات ئیدی پەپوو چاوی نەدەدی وای لێهاتبوو "" کوێر ڕێی پیشانی کوێر دەدا . "" بەڵام پەپوو ئەوەندە لە خۆبایی ببوو ، چاوی بەرایی نەدەدا دەست لەو مەرتەبە گەورەیە بەر بدا کە دۆستە کوێرەکەی پێی کەرەم کرد بوو ، لەناکاو هاواری کردە کەرەکە :

[برا وریا بە ، بەلای دەستەچەپدا بچی دەکەویە ناو زەندۆڵێکی قووڵ .]

کەرەکە بە پەلەپروزێ بەلای دەستەڕاستدا وەرسووڕا ولە هەڵدێرێکا سەرەنگرێ بوو وهەپروون بە هەپروون بوو .

........................

## ٥ - جۆگای خێرخوا

شوانێك لەسەر جۆگایەك وەستاو دەستی بە گلەو گازاندە كرد لە ڕوبار . شوانە هەقی بوو ، چونكە مەڕێكی هەرە باشی بە ڕوبارەكەدا چوو بوو .

خەم وكەسەری شوانەكە كارێكی زۆری لە جۆگاكە كرد ، جۆگا زۆر بەزەیی بە شوانەكەدا هاتەوە ، دەستی پێكرد تانەو تەشەری لە ڕوبارەكەدا :

[ هۆ ڕوبارەكە هۆ ! ئەوە تۆ بۆ هێندە دڵڕەقی ؟ بۆ هێندە خۆپەرستی ؟ ئەو خەڵكە چۆن شت لە ناو مندا دەبینن ، ئەگەر بەو چاوە سەیری تۆیان بكردایەو ئەو هەموو شتەیان بدیبایە كە تۆ بە نەوسنیو چاوچنۆكی خۆتەوە قووتت داوە ، هەر زراویان دەچوو ... ئەو سا شەرمەزاری دونیاو قیامەت دەبووی ، ڕووت هەڵنەدەهێنا تەماشای هیچ كەس بكەی ،لە شەرمەزاریان بە ناخی زەویدا دەچووی ، خۆت لە شوێنێك دەشاردەوە كەس چارەت نەبینێ ... ئێستا ئەگەر من ئەم ئاوە زۆرەو ئەم هێزە بێ ئەندازەی تۆم هەبایە شتێكیتر دەبووم ، هەمووم بۆ خزمەتی مرۆڤ ومرۆڤایەتی دەخستەكار ، تێ دەكۆشام ببم بە مایەی شانازی وسەربڵندی ئەم

دونیایە ، وەك بەرخێکی هێمن وبێ زەرِ زیانم بە کەس نە دەگەیاند، ئەگەر ئاوم تا رِۆخ و لێوان هەستابا ئاوەکەم بە شێنەیی بەر دەدایەوە ناو ماڵ وباخچە وشینایی وبێستان ، ژیانێکی تازەم دەخولقاندو بەختەوەریم بە سەراپای دۆڵ وهەموو مێرگ ومێرغوزارەکان دەبەخشی ، قەت یەك زلە قەسەرم بە تالاَن نەدەبرد. ئاوی خۆم بە جۆرێ بەردەدایەوە وەك ئەوەی دەستی سازندەیەکی بەهرەوەر بێو بەسەر ژێیەکانی گیتاردا بلەریێتەوە وئاوازێکی ناسکی لێ هەستێنێ، تا ئاوەکەم دەگەیشتە دەریا وبە کپ وبە مەندی ، بێ زەرەر وزیان لە دەریای دەکرد . ]

جۆگا ئەم قسانەی لەگەڵ رِوبارەکە کرد وبەرِاستیشی بوو . هەفتەیەك پێ نەچوو ، رِۆژێ لەسەر ئەو گردانەی ئاوی جۆگاکەیان لێ هەڵدەستا، بوو بە باو بارانێکی وا هەر مەپرسە ! باران وەك کۆتکی دەونخوون دەهاتە خوارێ ، ئاوی باران رِێچکەی دەبەست ودەرِژایە ناو جۆگا . جۆگا هێدی هێدی زیادی کرد ، هەستا ، کەوتە هاژەهاژ . تا باران بە خورتر دەباری جۆگا هاروهاجتر دەبوو، تا وای لێهات لە رِوبار شێت وهارتر بوو . ئاوی هەستاو بەسەر هەردوو کەناریدا پەنگایەوە . چی گوند وشینایی هەبوو هەمووی

ڕامـاڵی . داربـەڕووی ڕەق و زل ونەمامی‌شـل وناسـکی هـەموو تێـك شکاند . قرچ وهۆڕی شکانی ئـەم درەختانـە لـە دوورەوە دەهـات ... بنیـادەم ومـەڕ ومالاتیشـی هـەموو ڕاپێچـاو تـەفرو توونـای کـردن ، تەنانەت شوانی گۆرینیش ، کە وەختی خـۆی گـازاندەی لـە ڕوبـار کرد وجۆگا سکی پێ سووتا ولەسەری وە جـواب هـات وقسـەی بـە ڕوبـار گـوت ، ڕزگـاری نـەبوو . جۆگـا بـــە بـــێ بـــەزەیی خـــۆی ومێگەلەکەی ڕامالی وکەوێڵەکەشی ماشیەوە وئەوەی دەوس بێ نەیما.

........................



CamScanner

## ٦ - ڕێـــوی دەبێ بـــە قـــازی

جوتیارێك چوو شكاتی كرد كـە دوو جووجەلـەی دزراوەو گوتـی شكم لە مەڕە . قازی كێیە ؟ ڕێویە .

جوتیار ئیفادەی خۆی داو گوتـی : سبەینەكی زوو ، زانیـم دوو جووجەلەم نەماوە ، دوژمنی ناحـەزو خوێنڕێژ تـەنیا تـووك وپـەڕو ئێسكی هێشتبوون . لە مەڕیش زیاتر كەس لەو ژوورە نـەبوو ، بۆیـە هەبێ ونەبێ تاوان تاوانی مەڕە .

مەڕ پاكانەی خۆی كـردو بـەرگری لـەخۆی كـردو گوتـی : ئـەو شەوە تا بەیانی نووستم وهیچ جار بە خەبەریش نەهاتم .

مەڕ دراوسێكانی بە شایەد گرت ،لە دادگا دەسـتی بـۆ لـە شـان بدەن كە دەستی لەم تاوانەدا نیە ... بگرە لەوەتی هەیە تامی گۆشتی نەكردوە .

پاش ئەوەی ڕێوی لە ڕوداوەكە گەیشت وگوێی بۆ پاكانـەی مـەڕ شل كرد ، حوكمی خۆی دەركردو گوتی :

[ دادگا بیانوە بێ سەرو پێیەكانی مـەڕ ڕەت دەكاتـەوە ، هـەموو كەتنكەرو تاوانبارانی دونیا پاكانە بۆ خۆیان وبۆ تاوانەكەیان دەكـەن. شەوی ڕوداوەكە مەڕ لە گەڵ هەر دوو جووجەلەكەدا لەیـەك ژوور

بوە ... هەمووشمان دەزانــین گۆشـتی جووجەلـە چـەند تـەڕو ناسـك وزەریفە ؛ دیارە مەڕی نەوسن وبیٚئیمان نــەیتوانیوە بەسـەر نەفسـی خۆیدا زال بێ ...... بۆیە دادگا بڕیاری دا مەڕ لەســەری بـدریٚ بـەو مەرجەی گۆشــتەکەی بـۆ دادگـا بـیٚو پێستەکەی بـۆ فـەرودی مـام جوتیار . ]

.........................................

## ٧ - سەردانی مووزەخانە

-[بەیانی باش کاکی بەڕێز ! ئەوە لە کوێ دێیەوە ؟]

-[لە مووزەخانە دێمەوە . سێ سەعات زیاتر لەوێ بووم . ئەوەی چاو حەز بکا دیم ، شتی ئەوەندە جوان ودەگمەنم دی تۆ هەر بە خەیاڵیشت دانایە . بە ڕاستی ئەم شوێنە شوێنی شتی سەیرو سەمەرەیە . هەموو جۆرە مێشر، وکرم ومێروو وپەپوولە وقالۆچەیەکم دی . شت هەیە ئەوەندە جوان دەبریسکێتەوە دەڵێی زمرووتە ، هەیە وەکو مەرجان دەبریقێتەوە ، مەگەزی وام دی هەر هێندەی سەری دەرزی دەبێ بەلاّم ئەوەندە سوورە نەبێتەوە .]

-[ئەدی فیلت نەدی ؟ وا بزانم تۆ فیل بە کەرتە چیا تێگەییوی؟ وا نیە ؟]

-[فیل ؟ دڵنیای فیل لە مووزەخانە هەبێ ؟]

-[ئەی چۆن ؟ قابیلە مووزەخانە بێ فیل بێ ؟]

-[سەیرە ! دەنا ڕاستت دەوێ من ئەو فیلەم نەدیوە .]

..............................................

## ٨ - گـورگ لەنـاو كۆلیتی سەگـاندا

شەوێكی تاریك وئەنگوستەچاو گورگ ویستی بخزێتــە نـاو هـۆری مەڕان . كە بە دیوار هەلگەڕاو ئاوا بوو كەوتە بەینی كۆلیتی سەگان.
سـەگ هەسـتیان كـرد گورگـە ، كردیانـە عەوەعـەو ، قەلـەمبازی دەرگا بوون بیكەنەوەو هەلمەت بۆ گورگەكە ببەن وهەلی بدرن .

پاسەوان بە شلەژاوی لـە خـەو ڕاپـەڕین . دەرگایـان داخست . وایان زانی دزە چۆتە نـاو هـۆری مـەڕان . چرایـان بـرد دزبگـرن ، كەچی دیتیان دز نیە ، گورگە خۆی لە كوژیـەك گرمۆلـە كـردوە ، مووی زیك بۆتەوە ، كەلبەی چـیڕ كردۆتـەوە ، پرشـكی لـە چـاوان دەبێتـەوە، هـا ئیسـتا هـا دەمێكیتــر بــە نــاو مــەڕان دەكــەوێ و هەلیاندەدڕێ .

گورگ فرچكێكی دایە خۆی وچوە ناو كۆلیتی سەگان ، پاســەوان دەوریان گرت .گورگ زانی توندو تیژی دادی نادا ، بە شـێنەییەكی دەستكردەوە گوتی : [ هـاوڕێ ئازیزەكـانم ! ئـەم بـەزم وهەرایـەی ناوێ. من كۆنە هــاوڕێی خۆتـانم ، لـە هـاوڕێ زیـاترم ، بـە بـرای خۆتانم بزانن ، من بۆ خراپەو دەستدرێژی نەهاتوومەتـە ئێرە ، بـە برایەتی وتێرادیتی هاتووم . چاوم كوێر بێ چاوم لـە خراپـە نـەبوە

... وەرن با ڕابردوو فەرامۆش کەین وپەیمانی ئاشتی ببەستین . شەرت بێ لەمەودوا توخنی هیچ مەڕێکتان ناکەوم ، سوێندتان بۆ دەخۆم بە شەرەفم کە گورگی کوڕی گورگم لەمەودوا ببم بە پاسەوان وپشتیوانی مەڕان . ]

سەرۆکی پاسەوانەکان قسەی پێبڕی وگوتی :

[ گورگ ، گوێت لێ بێ تۆو خراپەو ناپاکی وزۆرداری بە یەك ژەك گۆش کراون . تۆ بەرگت بۆرە و من بەرگم سپیە . من خۆم زۆر باش لە ڕەوشت وئاکاری گورگان دەگەم . شەرتم کردوە تا گورگ کەوڵ نەکەم پەیمانی لەگەڵ نەبەستم . ]

.........................

# ٩ - تـــوولـــه به فیـــل دەوەڕێ

فیلێك لەگەڵ خاوەنەکەیا بە شەقامی شارێکی گەورەدا دەڕۆیشت.

لە پڕ تووڵەیـــەکی بچکۆڵـە هـات وسـەیرێکی فیلەکـەی کـرد وبـە دەوریدا کەوتە ئامباز وحەپەحەپ ، وەك ئەوەی بەم کارە وا پێشان بدا کە مەیدانی جەنگ وجیدال لەفیل دەخوازێ .

خاوەنی فیلەکە بە تووڵـەی گـوت :[تووڵـە ، وەرە پێـت بڵێـم ، ئەوە دەتەوێ لەگەڵ فیلەکەم بە شەڕ بێی ؟! تەماشاکە دەبینی ، تۆ وا خۆت تەنگاو کردوە وتـاهێزت تێدایـە دەحـەپی کـەچی فیلەکـەم لەسەرەخۆ دەڕوا ، هەر گوێشت ناداتێ ، واتە بە هیچت نازانێ .]

تووڵە وەڵامی دایەوە :[کاکی برا، من بۆیە وا دەکەم چونکە ئـەم دیمەنە بێ شەڕوشۆڕیش زات وئازاییم دەخاتە بەر . خەڵك کە بـەم جۆرە بمبینن دەڵێن : بڕوانە ، ئـەم تووڵەیـە چـەند ئـازاو بوێـرە ! نازانێ ترس مانای چیە ؟! ئەگەر ترسابا قەت دەوێرا وا بـە تونـدو تیژی بە فیل بوەڕێ ؟]

........................

## ١٠ - پەیمانی دۆستێنی

دوو سەگ تا مر بوون لە زیافەتێك خواردیان ، ئینجا چوون لەبەر ڕۆژی زێرین لێی وەرکەوتن ، یەك بە لاتی ڕاکشان ، خۆیان لێك کێشایەوەو کەوتنە قسە .قسە قسەی ڕاکێشا . هاتنە سەر باسی خۆشەویستی وبرایەتی . باسی ژیانی سەخت وکوێرەوەری سەگانیان کرد ، باسی سەگە سەخی وقرچۆکەکانیان کرد ، باسی چرووك ومەردەکانیان کرد .

یەکێکیان بە هاوڕێکەی گوت :[بۆ دوو سەگی وەکو ئێمە مانان هیچ شتێ لە برایەتی وهاوکاری ودۆستێنی باشتر نیە . وەرە با سوێند بخۆین لەمەودوا ببین بە دوو برای برادەر ، لە کاتی تەنگانە بە هانای یەکتر بێین ، لە شەڕو دەعوادا لەسەر یەك بکەینەوە ، ئەگەر خواردنی چەورو چاکمان بە دەست کەوت بێ شەڕە شەق وناخۆشی لە بەینی خۆمان دابەشی کەین.]

ئەوەی تر وەلامی دایەوە :[بە ڕاستی تۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی، برایەکی بە ئەمەکی ، منیش بیرم لە شتێکی وا دەکردەوە . من لەلای خۆمەوە سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەم دۆستێنیە بپارێزم ... بۆ ئەوەی زیاتریش دڵنیا بیت، وەرە لەپمان بخەینە سەر

لەپی یەکترو پەیمان ببە ستین لێرە بە دواوە شەڕو ناکۆکیمان نەبێ، لەمرۆوە ببین بە برا . ]

لـەو کاتـەدا چێشـتـەرێك پارچـە ئێسـکێکی فـڕێ دا ، هــەردوو سەگەکە پێکەوە هەڵمەتیان بۆ برد ، هەر یەکـە ویسـتی بـۆ خـۆی بەرێ. کەڵبە وچرنۆکیان وەکار خست وکەوتنە دەستەو یەخەو بوو بە شەڕێکی خوێناوی .

برایەتی ودۆستێنیش تۆ خۆش !!

........................

## ١١ - مشــــك وريـــوى

مشك ريـوى بـه شـپرزه وتـەنگاوى دى . ليىپرسـى :[ريـوى . گەوردم .بۆ وا تەنگاوى ؟ بۆ وا هەڵدێى دەلێى مەرگت بە دواوەيە؟]

ريوى بە هێنكە هێنك وەڵامى دايەوە : [هـاورى گيـان ! دەزانـى تـاوانيكى گـەورە وپووچيـان لـە مـل راكـردووم ... لـەميژە بـــەدواى جووجەلەيەكدا دەگەريم ... شەو چاوم نەچۆتە خەو ، رۆژ ئـەوەندە گەرام هيچ خـواردنم دەسـت نەكـەوت ، ويسـحەتم بـەرەو خراپـى دەروا.سـەربارى ئەمـەش بـە دزم دادەنێـن . توخـوا لـەوەتى هــەى تۆمـەتى وا گـەورەت بيستوە ؟ كـەس نـا ،مـن دزى بكـەم ؟! دەك شەرمەزار وخەجاڵەت بن . بە برايـەتيمان سـوێندت دەدەم ، قـەت ديوته من دزى بكەم ؟]

مشك وەڵامى دايەوە :[نــەخێر بـرام نـەمديوە دزى بكـەى بـەلاَم قسەى خۆمان بىَ زۆر جار ديومە پەرِوتووكت بە لمووزەوە بوە .]

........................



CamScanner

## ١٢ - پــەروەردەی میــر

شێری شای دارستان بە چکەیەکی بوو . کە بەچکەشێر تەمـەنی بوو بە ساڵێك ، شێر هەستی کـرد کـاتی ئـەوە هـاتوە بەچکەکـەی فێری سیاسەتی دەوڵەت بکا ، کێ بێ بتوانێ ببێ بە لەلـەو میرزاو میری ساوا فێر بکا بە زانایی ودادپەروەری فـەرمانڕەوایی گیـانداران بکا؟!

جورجەکوێرەی ئاوی بە ناوبانگە کە لە هەموو ئیش وکارێکـا زۆر وردو بە دەستووره – تا سـەیری پێـش خـۆی نـەکا شـەقاو نـاوێ ، دنکە گەنمێك ناخوا تا جوان پاکی نەکاتەوە ؛ بەڵام ئـەوەندە هەیـە سـەرەڕای وردی ورێـك وپێکـی چـاوی کـــزە ، زۆر دوور نـابینێ . بێجگە لەمەش ولاتی شێر وەکو ولاتی جورجەکوێرەی ئاوی بچـووك نیە ،بۆیە جورجەکوێریان نەکردە مامۆستای میر .

ئـەدی بـەور ؟ هـەر چـەندە بـەور ئازاو نەبـەردو بـەهێزە ، لـە هونـەری شـەڕدا مامۆستایە بـەڵام سـەری لـە کاروبـاری شـارەوانی دەرناچێ . شا دەبێ گەورە وقازی وجـەنگاوەر بـێ . هـەڵۆی شـای بـــالندان بـــە گـــیروگرفتی شـــێری زانـــی ، چـــوە خزمەتی‌وئامادەیی‌خۆی‌پێشـان دا کــە بەچکەکــەی پــەروەردە

بکاولەسەر سیاسەتی ڕەشەوەندی خەڵك وپێکـهێنانی ئیش وکاریـان ڕای بێنێ.

شـێر زۆری کـەیف پێ‌هـات کـە هـەڵۆ دەسـتی بـۆ لـە سـنگدا بەچکەکەی پـەروەردە بکـا . کـێ لـە هـەڵۆی شـای بـاڵندان باشتر بەچکەکەی پێ دەگەیەنێ ؟! یەکسەر شێر میری ناردە مـاڵی هـەڵۆ کە لەسەر ترۆپکی چیا بوو ، بۆ ئەوەی هەڵۆ فێری بکا چۆن حوکـم بکات وسیاسەت بگێڕێ.

پاش چەند ساڵێك ، میر مەشقی وەرگرت وگەڕایەوە لای شـێر... شێر بـانگی هـەموو گیـاندارانی دارسـتانی کـرد . کـە هـەموو هـاتن ولەبەر دەرگای لانەکەی گرد بوونەوە ،شێر لەبـەردەم ئـەم هەموانـە بەچکەکەی گرتە باوەش ونەڕاندی : [میری ئازیزو خۆشەویست! من وا پیر بـووم وکەوتمـە نـاو سـالآن ، پێـم لەسـەر لێـوی گـۆڕە ، دەمەوێ پێش ئەوەی بمرم داردەستی پاشایەتی خۆمت بنێمە دەست ولەسەر تەختی پاشایەتی داتبنێم . ئێستا پێـم بڵـێ چ فـێر بـووی ؟ دەتەوێ چۆن چۆنی میللە تەکەم حوکم بکەی ؟]

مـیر گـوتـی :[بـاوکی خۆشەویسـتم ، مـن شـتـی وا دەزانم ئـەم گیاندارانەی ئێرە هیچیان نایزانن - دەزانم هەر تەیرێك پێویستی بە

چیە ؟ هەر باڵداریك چ دەخوا ؟ هەر باڵندەیەك چەند هێلکە دەکا ؟ باوکە ، کە بووم بە پاشا هەموو گیاندارانی دارستان فێر دەکەم چۆن هێلانە دروست بکەن .]

.........................

## ١٣ - گـــورگ ئاشـــتی دەوێ

بەیانیـەك تفتیلـك لەسـەر چلـی درەختێـك نیشـت وکەوتـە نەغمەخوانی . گورگ هاتە کنی ولەبن درەختەکەوە بانگی کرد :

-[هاوڕێ تفتیلك ، بە خاتری تـە ، دەڕۆم . زۆرم هـەوڵ دا ئاشتی لەم دارستانە بچەسپێنم ،کەلکی نەبوو . گیاندارەکان ڕکیـان لێم دەبێتەوە ، کە دەمبینن لەبەرم هـەڵدێن ؛ هـەر دەڵێـی دوژمنی بابەکوشتەیانم.] تفتیلك پرسی :[ئەدی گورگ ، گـەورەم ، ئۆغر بێ ؟]

-[دەچمـە جێگایـەکی دوور ، زۆر دوور ... جێگایـــەکی وا بــێ پیاوەکانی وەکو مەڕی خوا فەقیرو بێدەسەڵات بن ، سـەگەکانی قەت بە گورگان نەوەڕن . هەموو گیاندارەکـان بـە تـەبا وتفـاقی

بژین ... جا ، گیانەکەم بێنە بەر چاوی خۆت لەو وڵاتەدا چەند بەختەوەر دەبم – ئیدی نە ڕۆژ خۆم لە کون وکەلەنان دەشارمەوە ونە شەویش خەوم لێحەرام دەبێ .]

–[برۆ ئۆغرت خێر بێ ، گورگ ! بێ وەی وسەرکەوتوو بی ، بەڵام توخوا پێم بڵێ کەڵبەی تیژو ڕەوشتی کۆنت لێرە جێ دێڵی یان نا؟]

–[ئەم قسە قۆڕانە چیە، تفتیلك ؟ نەء وهەزار جار نەء ... چۆن بێ کەڵبە دەچم ؟ هیچ نەبەم دەبێ کەڵبەکانم لەگەڵ خۆم ببەم .]

–[دە کەواتە با لە ئێستاوە پێت بڵێم وبۆشت دەردەکەوێ کە قسەکەم ڕاستە ، لەو وڵاتە تازەیەدا ، هەرگیزاو هەرگیز ئاشتیت چنگ ناکەوێ .]

.........................

# ١٤ - گورگ كەوتۆتە تەنگانە

راوكەر كەوتنە دواى گورگێك . گورگ پڕبە پێ هەڵات وسەگ بە حەپەحەپ ڕاویان ناو سوار بە سوارى ئەسپ سەریان لە دوو نا . گورگ گەیشتە گوندێك . لاى دا گوندەكە بەڵكو پەسارگەیەكى دەست كەوێ . بە تەنگاوى سەیرى ئەم لاو ئەو لاى كرد ، سەیرى خوار وژووری كرد ، دیتی پشیلەیەك لەسەر درەختێك خۆی گرمۆڵە كرد بوو ، گورگ كە لەشەكەتی ولە ترسان هێنكە هێنكی بوو بە پشیلەی گوت :

[هاورێ پشیلە ، زوو پێم بڵێ جوتیارەكانی ئەم دێیە كامەیان زۆر میهرەبان ودڵنەرمە ، داڵدەی بێنەوایان دەدا وبە هانای لێقەوماوانەوە دەچێ ؟ خۆت گوێت لە حەپەحەپی سەگی درە ، ئەوە دواى من كەوتوون ، دەبێ خۆم لە كووخێك بشارمەوە .]

پشیلە وەڵامی دایەوە : [خێرا بڕۆ خۆت لە كووخەكەی كاك نیكۆلا بشارەوە ، نیكۆلا بە چاكی وبە ڕەحمی مەشوورە .]

[نیكۆلا ؟! نا ، نابێ ، لەپار بەهارێوە نیكۆلا خەشمانم لێدەكێشێ چونكە مەرێكم لێدزیوە] [مادام

وایــە ،برۆکووخەکـەی‌مام ئیڤـان تـاقی بکـەوە ؛ ئـەویش کابرایەکی دلگەورەو بە بەزەیە .]

[ با دلگەورەو بە بەزەش بیٚ ، بەلاٚم من حەفتەی رابردوو بزنیکم لیٚخواردوە .]

–[ئەفسووس وسەد داخ ! تۆ بارت زۆر خوارە، هـا ! کـافر بـە حالٚت نەبیٚ ... مەگەر پیتەر بـە تەنگتـەوە بـیٚ ورزگـارت بکـا ، هەر راکە برۆ خۆت لە کووخی پیتەر بشارەوە .]

–[نا ، نا ، نا ... ناویٚرم توخنی مالٚی پیتـەر بکـەوم ، هـەمووی مانگیٚکە گویٚرەکەیەکیم کوشتوە ...]

پشیلە بە رك وتووڕەیی هاواری کرد :[شتی وا چۆن دەبــیٚ ؟ تـۆ سەر لەبەری گوندت لـە خـۆت کردۆتـە دوژمـن ... کەواتـە بەلاشـە داوای یارمـەتیان لیٚبکـەی ، کـیٚ یارمـەتیت دەدا ؟ جوتیارەکانمـان گیٚلٚ ونەفام نین رزگارت بکەن وخۆیان تووشی زەرەر وزیان وکیٚشمە ودۆخە بکەن .]

........................

## ١٥ - كـابرا وسێبەرەکـەی

کابرایەکی هێرو کەودەن دیتی سێبەرەکەی بە دواوەیە ، ویستی سێبەرەکە بگرێ . چەند هەنگاوێ لێی چوە پێش بەڵاّم چەندی ئەو لە سێبەرەکە چوە پێش سێبەرەکە ئەوەندە لێی کشایەوە ، پێی سووك کردو خێراتر ڕۆیشت . ئینجا کەوتە غار بە دوای سێبەرەکەیدا وسێبەریش پێی بەغارەوە نا . تا خێراتر ڕاوی سێبەرەکەی دەنا سێبەرەکەی خێراتر لەبەری هەڵدەهات .

کابرا لە ڕکان شێتگیربوو ، بە سێبەرەکەی گوت : ئێستا مادام وای لێهات من لەبەر تۆ هەڵدێم .

لە حانی ڕاکردندا ئاوڕێکی لە دواوە دایەوە دیتی سێبەرەکە بە دوایدا ڕادەکات !!

( بەخت )یش ئاوایە . بەم جۆرە لەگەڵ خەڵك دەجووڵێتەوە .

........................

## ١٦ - كەڵەشێر مەرایی بۆ تفتیلك دەكا

كەڵەشێرو تفتیلك لە دارستانێكدا بەرەو ڕووی یەكتر بوونەوە .
كەڵەشێر سەری قسانی كردەوە وگوتی :

[هاوڕێ تفتیلك ، ئەدگارت چەند كۆك وباڵات چەند ڕێك ولاقت چەند لووس وچاوت چەند گەشە !! دەنگت چەند خۆش وئاوازت چەند شیرینە !! كە دەست بە نەغمەخوانی دەكەی پڕ بە دڵ گوێت لێ دەگرم وكە لێدەبیەوە لە ناخەوە حەز دەكەم دووبارە تێ هەڵكەیتەوە ئاواز وگۆرانی . كەس دەنگی هێندەی تۆ ناسك وخوێندتی هێندەی تۆ بە جۆش نیە .]

تفتیلك وەڵامی دایەوە :[سوپاس بۆ ئەم هەموو مەحت وپێ هەڵگوتنەت، ئەی برادەری هەرە دڵسۆزو باڵندەی هەرە جوان !! تۆش قووقووت لە ئاوازی هەموو سازێك خۆشترو لە زیكەی دووزەلەش بەجۆشترە ! خوا لە منت نەستێنێ . ئەو دەنگ ودیدارە شیرینەت بۆ من هەر بمێنێ .] .

پاساریەك گوێی دابوە قسەكانیان هەڵیدایە ، گوتی :
[ئەوە ئاوها بە شان وباڵی یەكتر هەڵدەڵێن ! هەر یەكەتان

دەڵێ ئەوەی ترلەگۆرانی گوتندا هیچ باڵندەیەك خۆی لە قەرەنادا، بەڵام ڕاستیەکەی گۆرانی وئاوازی ئێوە هەر هیچ نرخ و نموودی نیە.
تفتیلك بۆچی مەرایی بۆ کەڵەشێر دەکرد ؟ لە سۆنگەی ئەوە بوو پێشتر کەڵەشێر مەرایی لەبەر تفتیلك کرد بوو .

........................

## ١٧ - قـــرچـــۆك وگەنجینـــــە

دێوێك سـامانێكی زۆری كۆكـردەوە ولـە ژێـر زەوی،لـە كۆگایـەك دایكرد وخۆی پاسەوانی دەكرد نەبادا زێڕی گەنجینەكەی بـدزرێ . ڕۆژێ ، خەریكی پاسەوانی بوو لە سـەرۆكی دێوانـەوە فـەرمانی بـۆ هات بە ئیش بچێتە ولاتێكی دوورو چەند ساڵێك لەوێ بمێنێتەوە.

دێوە شاش ومەندەهۆش ما . مێشكی لەقا ، ئاخر ناهـەق نـەبوو، چۆن گەنجینەكەی بپارێزێ؟ ئەگـەر سـیفێكی قـایم دروسـت دەكـا ئـەوە كـاتێكی زۆری دەوێ . مێشـكی بـە ئیش خسـت. پاشـان بیرێكی بۆ هات بۆ دێوی وەكو خۆی نەبێ بۆ كەس نایە .

دێـوە دەیزانـی خـاوەنی ئـەم ماڵـەی سـامانەكەی لێ‌شـاردۆتەوە كابرایەكی قرچۆك ورژدو پیسۆیە ، چاوچنۆك ونەخۆرە .

[ بە بزمار دەستت بسمیبایە درهەمێكی لـە دەسـت نـەدەبووەوە ، دوژمنی ئەو دانە بوو نانی پێدەخواردو لە برسان پیسایی نەدەهات]

جا دێوە زێڕو سـامانەكەی دەرهێنا وبردیـە لای كـابرای قرچـۆك وگوتـی : [بـرای ئـازیز وخۆشەویسـتم ، ماوەیەكـــە ســامان وگەنجینەی خۆمم لە ژێر ماڵی تۆدا شـاردۆتەوە . ئێسـتاش فـەرمانم پێ‌كراوە بچمە ولاتێكـی دوور . جـا وەكـو ئەمەكدارێـەك لـە منـەوە

بەرامبەر ئەو چاکەیەی تۆ لەگەڵت کردووم ، هەموو سامانی خۆمت دەقەبەر دەکەم ، کەیفی خۆتە چەندی لێ خەرج دەکەی خەرجی کە ، چیت پێ‌خۆشە بخۆ ،جلی بە دڵی خۆت لەبەر کە وچۆنت پێ‌خۆشە وا رابوێرە ،تەنیا یەك مەرجم هەیە ئەویش ئەوەیە لە پاش مەرگت هەموو میراتەکەت بۆ من بێ ... خوا حافیز برام ! هیوادارم بـــــەختت لــــــەبارو کـــــارت راســـــت بـــــێ . دێـو بـەرەو وڵاتـە دوورەکـە کەوتـە رێ . پـاش چـەند سـاڵێکی زۆ گەرایەوە زێدو وڵاتی خۆی . ئـاخۆ کـابرای قرچـۆك چـی لـە ما وسامانەکەی کردوە ؟ سەیری کرد کـابرای قرچـۆك لـە برسان ولـ تینـــوان مـــردوە ولەســـەر ســـندووقە زێڕەکـــان راکشـــاوە دێـو گەنجینەکـەی خـۆی ژمـارد، تـەواو بـوو ، چۆنـی بـە کـابر سپاردبوو بەو دەقە بوو، هیچی کەم نـەکردبوو. بـەم جـۆرە دێـوە بـێ ئـەوەی یـەك فلسیش بداتـە کرێـێ پاسـەوانی و نۆبـەتداری سامانەکەی خۆی پاراست .

........................

## ١٨ - چێشتکەرو پشیلە

چێشتکەرێك لەناو قەوم وقیلەی خۆی بە ژیرو زانا ناوبانگی دەرکردبوو . ئێوارەیێ حەزی کرد بچێتە مەیخانەیەك وبە یادی رابردنی سالێك بەسەر مردنی برادەرێکی ئازیزی بادەیەك شەراب بخواتەوە .

چێشتکەر پشیلەیەکی نازیمۆکی هەبوو ، رایسپارد تا دێتەوە چاوی لە بەرەمی ئازووقە بێ .

کە چێشتکەر پاش گەرم کردنی سەری گەرایەوە مالێ وچاوی بەو مالە کەوت هێدمی گرت !! دیتی پارچە نان وکێك بەناو مۆبەق وەربوە وپشیلەی ئازیزیش لە تەنیشت بەرمیل پالێ داوەتەوە وبە خۆشی وشادی خورەخور دەکا ویاری بە پارچە ئێسکی فروجێکی بچووك دەکا .

چێشتکەر ئەوەندە توورە بوو چاوی پەریە پشتی سەری ، دەستی بە جنێو تووك ونەفرەت کرد :

] دەك کوێراییت دایێ دزی هیچ وپووچ ! تۆ قەت شەرمت بەو ئیشە قۆرەت نیە ؟ ئەم دیوارانە شایەتیت لەسەر دەدەن تاوانێکی چەند زل وزەبەللاحت کردوە ! تا ئێستا پشیلەیەکی نموونەیی

بووی. هەموو کەس باسی دەستپاکی ودلْ پاکی تۆیان دەکـرد . دەلێ

خەجالّەت بی، ناپاك ! لەمەودوا منداڵە هورتکە وپوورتکە دەکەونە دووت وهاوار دەکەن :

– دز ، خوێڕی ، هیچ وپووچ ! دەرو دراوسیّ چیدی لیّناگەڕێن بچیە ناندینیـان ، دەرت دەکـەن ، وەکـو گورگـیّ چووبێتـە نـاو هۆری مەڕان ، ئاوا هەتکت دەکەن . عالەم هەموو باست دەکـەن دەڵێن : ئەم پشیلەیە ڕشانەوەیە ، پەتایە ، بەدکارو تووکبـارو نەفرەتیە. پشیلە گوێی دابوە قسەی ئاغاکەی بـەلاّم هیـچ خـۆی تێـك نــەدەدا، هــەر خــەریکی خواردنــی گۆشــت وئێســکی فڕووجەکان بوو . تا گۆشتی برژاوی مریشکەکانیشی تەواو نەکرد وازی نەهێنا.

........................



CamScanner

## ١٩ - پەپووولەگر

سێ برا ماڵیان لە هەژارترین گەڕەکی شاری مۆسکۆ بوو . روویان لە هەر کوێ کردبا بەدبەختی لێیان جودا نەدەبووەوە . مانای بەختەوەریان نەدەزانی ، نەیاندەزانی دینار ڕەنگی چۆنە... ژیانیان یەك پارچە شەکەتی ودەرد وبەڵا بوو ، بە هەزار دەردەسەری بەرێوە دەچوون وسەد گیروگرفتیان دەهاتە پێش .

ڕۆژێ ( بەخت ) بە بەرگی خانمێکەوە هات وگوتی : هاورێینە، زۆرم پێ ناخۆشە کە ئێوە هێندە بە کۆیرەوەری وناگزووری دەژین، بریارم داوە ماوەیەك لاتان بمێنمەوە بەڵکو نەختێ تامی بەختیاری بکەن .

سێ گەنجەکە بە ئاشکرا ڕەنگ وڕوویان گۆڕا ، ئاوی ژیانیان چوە روخسارو لەشی لەرو لاوازیان پڕو تۆکمە بوو وتەڕو پڕی خۆشگوزەرانیان لێ دەرکەوت . برای گەورە ملی نا بازرگانی وسامانێکی زۆری پێکەوە ناو بوو بە بازرگانێکی گەورە ولە هەموو بازرگانان سامان وناوبانگی زیاتر بوو . برای ناوەنجی بوو بە فەرمانبەرێکی ئاسایی . هەر ئیشێکی پێیان سپارد تێدا سەرکەوت وکەوتە ژیانێکی خۆش وپڕ شادومانی ، بەڵام برای گچکە زۆربەی

وەختی خۆی لەناو زەوی وبێستان وشینایی ، لە ژێر هەتاوی زێرین،بە پەپوولەگرتن دەبردە سەر تا پەپوولەیەکی زۆری کۆکردەوە.

پاش ئەوەی دوو برای گەورەتریّ دەوڵەمەند بوون، هەر زوو (بەخت) ڕۆیشت وجێیّ هێشتن . ئەو حەلە ما برای گچکە بۆ بەختی خۆی بگری وبڵێ : [ئاخ وسەد داخ !! هەر بە هەژاری ونەداری مامەوە، بەخت یەك فلسی بۆ جیّ نەهێشتم.]

..........................

## ٢٠ - شـــــازنی تـــازە

شالوور شاژنی دارستان بوو . هەموو ئێواران باڵندە لەسەر چلی درەختەکانی دارستانەکە کۆ دەبوونەوە وگوێیان لە دەنگی ناسك وبە سۆزی شالوورەکە دەگرت کە ئەوەندە بە خۆشی گۆرانی دەچری دڵی دەتواندەوە وئاگری دەکردەوە .

ترلوو کە ئەمەی دی بیری کردەوە بۆچی خۆی نەبێ بە شاژنی دارستان ؟ لە شالوور چوە پێش وپێی گوت : [شالووری ئازیز ونازدار ، ماوەیەکی زۆرە تۆ شاژنی لێرو باڵندەکانی وگۆرانی خۆش خۆشمان بۆ دەڵێی . باشە بەس نیە ؟ هەق وانیە جێت بۆ باڵندەیەکیتر چۆل بکەی ؟]

شالوور پرسی :[باشە ، ترلوو ، چ باڵندەیەکت داناوە بۆ جێی من ؟]

ترلوو یەکسەر وەلامی دایەوە :[من خۆم حازر وئامادەم جێی تۆ بگرمەوە و ببم بە شاژنی باڵندانی ئەم جەنگەل ولێرە.]

شالوور گوتی :[چۆنی دەڵێی با وا بێ . لەم شەوەوە من دارستان جێدێلم وتۆ برۆ سەر تەخت ولەباتی من ببە شاژنی باڵندان.] کە رۆژ ئاوا بوو وتاریك کەوتە عەردی ، ترلوو لە جێی شالوور لەسەر

درەخت هەڵنیشت وهەموو باڵندەکانی بانگ کردو گوتی : [ شالوور ڕۆیشت و منی لە جێی خۆی کردە شاژن ، لەمەودوا هەموو شەو من گۆرانیتان بۆ دەڵێم .]

ئینجا ترلوو دەنووکی لێك کردەوە وکردی بە قیژەقیژو ترووول ترووولیکی بێتام . دوای نەختێ لە قیژەقیژ کەوت ، چونکە هەموو باڵندەکان تیزیان پێکردو لەباتی ئەوەی گوێی بدەنێ، لەبەری هەڵاتن ودارستانیان جێهێشت وگوتیان : [ئەوە چتۆ شاژنە جێی شالووری گرتۆتەوە ؟ ئەوە چ گۆرانیەکە دەیچرێ؟] ترلوو زۆر توورە بوو ، فری ، چوو شالووری دۆزیەوە وشکاتی لە باڵندەکان کرد .

شالوور وەڵامی دایەوە .

[ترلوو گیان ! من پێم دەکرێ بتکەمە شاژنی دارستان ، بەلام بڕوات هەبێ لە دەستم نایە بتکەمە شاژنی گۆرانی .]

........................

## ٢١ - سیَ جوتیـــار

سیَ جوتیـار بـــه ئیـش چوونــه شـاری سـانت پترسـبورگ . لەگەڕانەوەدا شەویان بەسەر داهات ونەیانتوانی بە تاریکی ڕێبکەن. لایـاندا خـانێك وداوای خـواردن ودالْدەی ئـەو شـەوەیان کـرد . خانەکە لە مەنجەڵێ شلەی گەرم وهـەندێ نـان ونیـو قاپـە مزەوره زیاتر هیچ خواردنی تێدا نەبوو بیاندەنێ . جوتیارەکان تەماشـایەکی خواردنەکەیان کرد وسەریان سوڕما ئەم خواردنە کەمە چـۆن بەشـی هەموویان دەکات ... بەلاّم هەر چۆن بێ لەوە باشـترە کـە بـە زگـی برسی سەر بنێنەوە .

یەکێ لەو سێ جوتیارە زۆر زیـرەك وئۆینبـاز بـوو ، ویسـتی بـە فێلْ خواردنەکە هەمووی خۆی بیخواو هاورێکانی هیچیان بـە سـك نەکـەوێ ، جـا پێیگوتـن :[برایینـە ، دەزانـن زۆر لەگوێنـــە کـاك تۆماسی برادەرمان تووشی عەسکەری ببێ ؟]

[بۆ ؟ کەی ؟]

[دەنگ بلاْوە شەڕ لە چین داکەوتوە . قاقای چین باجی لەسەر چا " داناوە .]

که دوو جوتیارەکەی‌تر ئەم قسەیان بیست بەریان بە خواردن نەما ، کردیانە مشت ومڕێکی گەرم لەبارەی شەڕەوە – شەڕ چۆن جارِ دەدرێ؟ کەی دەتەقێتەوە ؟ کێ دەباتەوە ؟

بەم جۆرە ئەوان سەرگەرمی ئەم مشت ومڕە بوون، کەچی جوتیاری زیرەك وفێڵباز بە تەنێ کەوتبوە سەر خواردنەکە ، خواردی تا هیچی تێدا نەهێشت .

...........................

## ٢٢ - ئەسپی بێــــزار

جوتیارێك خەریکی تۆدانی جۆ بوو ، ئەسپێکی بچکۆڵە سەیری دەکرد . ئەسپ پێی ناخۆش بوو جوتیار ئەو جۆیە بە وەردێ وەردەکا، لە دڵی خۆیدا گوتی :[بەخوا برا بنیادەم گێل ونەفامە. ئەدی بۆ دەڵێن بنیادەم لە ئاژەڵ بە ئەقڵ وئاوەزترە وخودا مێشکێکی گەورەی داوەتێ ؟ توخوا دەبەنگی لەوە گەورەتر دەبێ؟ ئەم جوتیارە ئەم هەموو دانەیە بەم وەردە هەراوە وەردەکا ؟! هەق وابوو جوتیار ئەم جۆیەی بدابایە من، یان لەبەر ئەو جوانووەی تەنیشتە منی ڕۆ کردبا، یان هەر هیچ نەبێ بیدایە مریشکان . ئەگەر وای

بکردایە چ عەیبی نەبوو ، مانای وایـە ئاقڵدارو ئیشدروست بـوو ، بـەڵام کـە ئاوهـا بـەو وەردەی وەردەکـا ئەمـە کـاریکی شـیتانەیەو هیچی‌تر .[

رۆژ هـات وچـوو ، جـۆ زەردەبـوو ، دروینـەی هـات . جوتیـار دووریەوە وکوتایی وشەنەبای کرد وبەرهەمیکی زۆری لێ‌چنگ کـەوت وبە دریژایی زستان ئەسپی گۆرین جۆی لە بران بوو .

........................

## ٢٣ - گـــــــۆزە

کابرایەك بۆ چەند ڕۆژێ گۆزەیەکی لە دراوسێکەی خواست کە هەموو جارێ ئـاوی پێدەهێنـا . دراوسـێ قبوولـی کـرد وگۆزەکـەی دایە. زۆری نەبرد دراوسێ گۆزەی بە پڕ ئاوی بۆ هاتـەوە بـەڵام کە ئاوەکەی لێبەتاڵ کرد دیتی گۆزەکە بۆنی شەرابی لێ دێ . دراوسـێ چەند جارێك جوان جوان گۆزەکەی شووشت بەڵام بێهوودە بـوو ، بۆنی شەرابەکەی لێنەچوو . ئاخیری ناچار بوو گۆزەکەی فـڕێ داو چیتر بەکاری نەهێنا.

ئـەو باوکانـەی خـراپ منداڵیـان پـەروەردە دەکـەن، دەبـێ ئـەم چیرۆکەیان لـەبیر بـێ ؛ چونکـە پاشـان هـەر چـەندە هـەوڵ بـدەن منداڵەکان ڕاست بکەنەوە ، کەلکی نیە ، ماکی خراپەیان هەر پێوە دەمێنێ .

......................



CamScanner

# ٢٤ - بـــــەراز

بـەراز وای لێخـۆش هــات پێبکــەوێ کۆشــك وســەرای ئاغــا دەسەڵاتدارەکەی چی تێدایە . لەناو کۆشکەکە گــەڕا - لـە بـەرەمی ئازووقەوە بۆ هۆرو گەورو بۆ پشتیر وتەویلە ، تــا گەیشتە نـاندین . سەتڵە زبڵێك لە ناندین هەبوو بەراز تا کونەلووتی خۆی لـە زبڵەکـە وەرداو هەموو لەش ودەم وچاوی خـۆی پیـس کـرد ، ئینجا کەوتـە بـەرێ خـۆی بـە دیـواری نـاندین خوراند ... پاشـان بـە قەڵـەمباز گەڕایەوە گەوڕی خۆی . بەرازێکی پڕ بە پێستی !!!

بەرازەوان چاوی لێبوو . ڕاوەستا تا بەرازەکــە هاتــەوە . کـە هاتـەوە لێیپرسی :[باشه ، پیرە بــەراز لەسـەردانی ئـەم کۆشـکە باسـەفایە چیـت دی ؟ وایـە دەڵێـن هـەموو ژوورەکـانی بـە ئـەلماس ومـرواری ڕازاوەتەوە ؟]

بەراز وەڵامی دایەوە :[ئەمن پێت بڵێم : ئـەم کۆشـکە لـە شتی پڕوپـووچ وبێسوود [illegible] هیچـی تیـا نیــە . مــن ئــەو گەوهــەرو مروارییانەم نەدی [illegible] لەو کۆشــکەدا هـەن . ڕاستت دەوێ لـە زبڵ وبەرماو وزیاتر [illegible] نەدی . پێـم بـڕوا بکـە لـووتم لـە هـەموو

گۆشە وکوژیەکی ژوورەکان وتەنانەت لە حەوشەی پشتەوەش ژەنی

هیچم نەدی ...]

........................

## ٢٥ - خشـــــلی کـــەر

کابرایەك کەرێکی هەبوو . کەرەکە نەرم وحەلیم وگران وخانەدار

دیار بوو . کابرا ئەوەندەی هەوەس پێ دەهات نەبێتەوە . کـابرا ل

دلّی خۆیدا گوتی:[ئـەم کـەرەی مـن سـەرتۆپی کەرانـە . هـەم ب

خاتری زیرەکی وئیشکەریی ئەم کەرەو هەم بۆ ئەوەی بـزری نەکـە

زەنگۆلێکی بە ملیەوە دەکەم.]

کەرەکە بەم رێزلێنانە بەرزە وبەم خشلە بەهادارەی ئاغاکـەی بـ

ملیەوە کرد ، بای کەوتە پێست وهەوای کەوتە کەللە ولمووزی بـەرز

بوو . کە دەهات ودەچوو وخۆی بادەدا ودەنگی زەنگۆلی ملی خـۆی

دەبیستەوە خۆی بە سـەرورو سـەرداری هـەموو گیـانداران دەزانـی

کەرەکە پێش ئەوەی خشلەکەی لـە مـل بکـرێ ، دەیتوانـی سـکی

خۆی بە هەندی جۆو جۆدار وشـینکەی نـاو باخچـەو شـینایی ئـەو

دەورو بەرە تێر بکا ... هەر خەلکەکە خـافل بوونایـە لـە دەرگایـەك

یان لە کەلێنێکەوە دەخزیە ناو باخچە وچی پێ خۆشبایە دەیخواردو بێ‌ئەوەی کەس پێی بزانێ دەهاتە دەرەوە ... بەم جۆرە کەرەکە هەمیشە تەڕو پڕو قەڵەو بوو .

بەڵام ئەم خشڵە نوێیە لە کەرەکە بوو بە بەلا ، باری ژیانی سەراوبن کرد . ئەگەر بە دزی بچووبایە ناو ڕەزێك بۆ ئەوەی شتێ بخوا ، ڕەزەوان لە دەنگی زەنگوڵی ملی هوشیار دەبووەوە ولێ نەدەگەڕا یەك قەپاڵ بخوا ، بە لێدان لە ڕەزەکەی وەدەری دەنا . ئەگەر لە ناو شێنایی‌یەك چاوی بە شتێ بکەوتایەو تامی بچووبایەو پێی خوارکردبایەوە ، هەر زوو خشڵە شوومەکەی ڕسوای دەکردو خاوەنی شێناییەکە بە خۆو بە خوتورمەوە دەهات وکەر تەنیا هەڵاتنی بۆ دەمایەوە .

بەم جۆرە کەرەکە بچووبایە هەر شوێنێ ئەمە ئیش وئەمەش چارەنووسی بوو – بچووبایە ناو تەبارە جۆ، یان ڕەزو بێستان وشینایی ، جوتیارو بێستانەوان لەگەڵ دەنگی زەنگوڵەکە دەست بە تۆپزو چەڵگە غاریان دەدایە .

نەخۆت کا نە زەنگوڵ وخشڵت کا ، کەر !! کەرە لە سای زەنگوڵەکەوە ئەوەندەی برسێتی ولێدان وکوتان ورەتان وهەڵبرین دی

تا ڕەنگی ڕەش وشین هەڵگەڕا ، لە دوورەوە دەندە وپەراسووت یـەك یەك ژماردبا ...

هەر هێندە هاوین چوو ، کەری خشلدار بوو بە توورەکەیێ ئێسك وپێست وهیچی تر .

........................

## ٢٦ - ئــاگــــر

سێ کەس لە بازرگانیدا بوونــە هاوبـەش وچـەند ساڵێك پێکـەوە ئیشیان کردو سامانێکی زۆریان پێکەوە نا. ڕۆژێ دانیشتن قازانجەکە لەناو خۆیانەوە بەش بکـەن . هەڵبـەت ئـەم جۆرەکارەبێ قرەوکێشـە نابێ .

بازرگان لە گەرمەی دەمەقاڵێ ومشت ومڕدا بوون کە بوو بە هات وهاوار :

-[هاوارە ئاگرە ! هاوارە ئاگرە ! فریامـان کـەون ! بمانگـەنێ ! ئاگر وشك وتەڕی سووتاند ، هیزە بگەنە هانامان، ماڵ وئازووقـە هەمووی سووتا.]

بازرگانێکیـان گوتـی :[براینــە ، بـا هەسـتین بچـین کـەل وپەلەکەمان لەم ئاگرە ودوکانەکەمان لە کەمباخ وکـاول بـوون ڕزگـار کەین ، ئینجا بێینەوە حیسابەکەمان ببڕێنینەوە.]

یەکێ لە بازرگانەکانیتر هاواری کرد :[نا ، نا ... نابێ ، تا ئەم هەزارەی تریشم نەدەنێ لێرە نابزووم.]

بازرگانی سێیەم گوتی :[سێ هەزارتان لە مافی خۆم کەمتر داومەتێ ، ئێوە قۆڵبڕو حەرامخۆرن ، دەفتەری حیساب باشر بپشکنن ، بۆتان دەردەکەوێ من لەسەر هەقم .]

[ئەمە هەمووی قسەی بۆش وبەتاڵە ، ئەم حیسابەت لە کوێ هێنا ؟ کەس بەم دوعایەت نالێ ئامین .]

ئەم سێ بازرگانە ، لەم مشت مڕە، هەر لە بیریشیان نەما ک دەورەیان ئاگرە . لە شەڕەشەق وپیلەکەی خۆیان بەردەوام بوون ت هالاوی ئاگریان گەیشتێ وئاگرو دووکەڵ لوولیدان ولەگەڵ کە ویەل وحیساب وکیتابەکەیان سووتان وروومردنەوە .

.......................

## ٢٧ - بایی بـــوونی مێـــــش

مێشێك لەسەر گالیسکەی پاشا هەڵنیشت . دیتی تۆزێکی زۆر لــە دەوری گالیسکەکە هەڵدەستێ وعالــەم هــەموو چەپڵــە لێدەداو هـاوار دەکا .

مێش هاواری کرد ، گوتــی :[ئـۆی چــەند زۆرم تـۆز لـە دەوری گالیسکە هەستاند . تەماشا کەن ئەم خەڵکــە چــەندیان را لــە منـەو چۆن چەپڵەم بۆ لێدەدەن وئافەرینم لێدەکەن ]

پـاش نـەختێ فـڕی چـوە سـەر پشـتی یـــەکێ لــە ئەســپەکانی گالیسکەکە وهاژەی چەپڵە ڕێزانێکی توندی هاتە بەر گوێ ، گوتی :

[ئەوە سلاوم بۆ وەردەگرن ، چونکە زۆر خێرا گالیسکەکە داژۆم]

.........................

## ٢٨ - مەیمـــوون وئاوێنـــە

ڕۆژێ مەیموونێك لەبەر ئاوێنە وەســتا ، وێنـەی خـۆی تێـدا دی وئاوڕی لە ورچ دایەوە وگوتی :

[ئەم حەیوانە نگریس وبەدفەســاڵە چـارەی چـەند ناشـیرینە . تەماشا ، چۆن کەڵبەی چیر دەکاتەوە وخۆی دەسووڕێنێ . من ئـەم ئەدگارو دیمەنەم هەبایە لە شـەرمەزاریان خـۆم دەخنکـاند . لەگـەڵ ئەوەشدا پـێ‌ی دەنێـم بـە لانـی کەمـەوە پێنـج شـەش ڕوخساری وا ناشیرینم لەناو مەیموونە هاوڕێکانم دا دیوە ]

ورچ بە ڕك وتووڕەییەوە وەڵامی دایەوە :[بە ژمارە بـاس مەکـە ، لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکە بەسسە ]

.......................

## ٢٩ - گـورگ ومشـك

گورگ له مێگـەلی نـاو‌مـەڕێكی قەڵـەوی فڕانـد وبردیـە شـوێنێكی لاپەڕی دارستان . بێگومـان گـورگ وەك میـوان وخانـەخوێ لەگـەڵ مەڕەكە نەجوولایەوە ، بەڵكو لەسەر خوو ورەوشتی كۆنینەی خـۆی بە شێوەیەكی دڕندانە كەوتە سەری وكەڵبـەو چڕنۆكـی لێ گـیركردو زۆر بە تامەزرۆیی گۆشت وبەزەكـەی هەڵلوشـی وئێسكەكانیشـی بـە كەڵبەتیژەكانی ڕنیەوە. بەڵام هەر چەندە گورگ زۆر برسـی بـوو ئـەو كەلەشە مەڕەی بە یەك جەم پێنـەخورا . چـی مـابووەوە بـۆ شـێوی ئێوارە هەڵیگرت وئینجا بۆ ئەوەی پاش ئەم جەمـە چـەورو خۆشـە پشوویەك بدا ، ڕاكشا وخەوی لێ كەوت .

مشكێك كونەكەی لـەناو ڕەگ وریشـاڵی درەختێكـی ئـەو نزیكانـە بوو، بۆنی گۆشتی خاوی بۆ هات ، سەری لە كونەكەی دەرهێنـا ، دیتـی گـورگ لـە شـیرین خەودایـە . غـاری دایـە لای گۆشـتەكە ، پارچەیەكی بە دەمەوە گرت وبە پەلە گەڕایـەوە كونەكـەی خـۆی . دەق لەو كاتەدا گورگ بە ئاگا هات ، دیتی مشك پارچـە گۆشـتێكی بە دەمەوەیە ودەیبا ، تا هێزی تێدا بوو هاواری كرد . هـاوارێكی وا گوێـی ئاسمـانی كـەڕ كـردو دونیـای هێنایـە هـەژان ولـە سـەراپای

دارستانەکەدا دەنگی دایەوە ، گوتی:[ کێوە ، هـەی دزی ناپاك ؟ ڕاوەستـە ، نـەڕۆی ، هـەی دزی خوێـڕی وناجسـن ، چـۆن مـاڵی خەڵك دەدزی ؟ پۆلیـس هـاوارە ، بمگـەنێ ، ئـەم دزە مـاڵی کـاول کردم ، ئەوەی هەمبوو ونەمبوو هەمووی بردن]

........................

## ٣٠ - کـــەوری بێــــــزار

کەور گوتی:[ ئۆی ئەم خەڵکە چەند گێـل ونـەفامن ! چـۆن لـە ناخی دڵەوە ، بە وشەی زل وقەبە سوپاسـی ئـەو بارانـە دەکـەن ! چۆن پەسنی دەدەن و پێی هـەڵدەڵێن . خـۆ ئـەو تـاوە بارانـە تـەنیا ماوەیەکی کەمی خایاندو بڕایـەوە ، بـە جۆرێکـی وا باسـی دەکـەن وەك ئەوەی گەورەترین میوانی ئەم سەرزەمینە بێ ... خـۆ مـن ئـەوە چەند پشتە بە کپ وبێ‌نازی لێرە کەوتووم ، کەچی تا ئێسـتا یـەك وشەی سوپاس وستایش وپەسـنم لـە کـەس بـەر گـوێ نەکـەوت ، بەخوا برا مرۆگەلێکی دڵڕەق وبێ ویژدانن ! ! ]

کرمێـك گوێـی لـە قسـەی کەورەکـە بـوو ، دەسـبەجێ وەڵامـی دایەوە: [ بەس نـاڕەزایی وبـێزاری دەربـبڕە ، کـەوری بێ‌کـەلك !

راسته ، تاوه بارانەکە ماوەیەکی کەم مایەوە، بەلاّم بەم ماوە کەمەیە ئەو هەموو زەویانەی پاراو کردەوە کە خەریك بوو لە تینوان شەق ببەن وبخنکێن ، بۆیە جوتیارەکان هەقی خۆیانە سوپاسی بکەن ؛ بەلاّم تۆ هەر چەندە لە مێژە لێرەیت ، کەچی هیچ ئیشی وات نەکردوە سوودی کەسی هەبێ ، توخوا پێم نالێی خەلّك بە چیت هەلّبلّێن وسوپاسی چیت بکەن ؟

.........................

## ٣١ - دوو لادێیی

– ڕۆژباش ، کاك ئیڤان .

– ڕۆژباش ، کاك مەتتی .

– ئیڤان چۆنی ؟ لە چیای ؟

– ئاخ ، کاك مەتتی ، ئیش بە دلّی من نایە . نەتزانیوە مالّم سووتا ، هیچم نەما ، ئێستا لێ کەوتووم ، هەژار ونەدارم ، نانی ئیللە للام نیە .

–پەککو لەم نسییەتە ! برام مالّت بۆ سووتا ؟



CS CamScanner

– لەگەڵ چەند برادەرێکا خەریکی ئاهەنگی ڕۆژی لەدایك بوون بووین . پاش نانی ئێوارە ، دەستم دایە مۆمێك وچووم ئەسپ ئالیك بدەم ، پیاو ڕاست بڵێ ، خۆیشم نەمدەزانی چ دەکەم . ئاگام لێنەبوو مۆمەکەم لە دەست بەربووەوە وئاگر بە پووش وپەلاشەوە نووسا وبەبەر داچوو ، خانووی داگرت وخانوو کڵ وکۆی دامردەوە . ئەدی تۆچۆنیت ؟

– منیش لە تۆ خاپتر نەبم باشتر نیم . دەردێکم بەسەر هات ، کافر بە چاوی خۆی نەبینێ . زۆر لە دەردی تۆ ناخۆشتر وجەرگبڕتر بوو ... ئێستا کە پاش ئەو کارەساتەی بەسەرم هات ، ماوم ، لە عەبرەیی وبێحاڵی خۆم ماوم ، موعجیزەی ئاسمانانە ماوم ونەمردووم – لە جەژنی لە دایك بوون دا ، لەگەڵ برادەرەکانم دانیشتین خواردمانەوە ، ئەوەندەمان خواردەوە تا یەك دڵۆپە شەرابمان نەهێشت . هەموومان هەڵقۆراند . ئەو حەلە هەستام چوومە بنداق هەندێ شەرابی تر بێنم ، جا بۆ ئەوەی نەبادا ماڵەکەم بسووتێ مۆمەکەم کوژاندەوە ، بوو بە تاریکیەکی ئەنگوستەچاو ، لەسەر پلیکانە بەربوومەوە ، چ بەربوونەوەیەك ، دەتگوت بەسەد کەس پاڵیان پێوەناوم ، ئەنجامەکەشی ئەوە

خۆت دەبینی . تا ماوم دەبێ ئەم دوو دارشەقەیەم لە بن هەنگڵ بێ .

( ستیڤن )ی دراوسێیان گوێی لە قسەکانیان بوو ، بە ڕەقی پێی گوتن :[برادەرینە ، گازاندە لە کەس مەکەن ، لە خۆتان بکەن. سەرخۆش مۆمی بە دەستەوە بێ قەتاو قەت چاکی بۆ نایە، خۆ ئەگەر لە تاریکیش بێ ، ئەوە هەر هیچ !!]

.......................

## ٣٢ - ڕێوی ماسی ڕزگار دەکا

دەگێڕنەوە ماسیەك لە گۆماوێك دەژیا ، هەمیشە دووزمانی دەکردو دووبەرەکی دەنایەوە ، تا وای لێهات ماسیەکانی‌تر کامیان کرد لە دەستی ، چیدی نەیانتوانی بەرگەی خراپەو بەدکاری بگرن. لەناو دەولکلیکی پڕ ئاویان ناو هێنایانە دادگا . یەك لیستە تاوان وگوناح وخراپەیان لەسەر گرتبوو ، هەموویان خستە بەردەم دادگا .

دادگا دوو کەرو دوو ئەسپی کەترە ودوو سێ بزن ورێویەکی لێبوو. گوایە دەڵێن ، ئۆباڵ بە ملی ئەو کەسەی وای‌گوتوە ، ماسیە تاوانبارەکە قەت رێوی بێ ماسی نەدەکرد ، ناو بە ناو هەندێ ماسی بە دیاری بۆ دەنارد ؛ بەڵام کەس گومانی لەوە نیە کە دادپەروەری پیشەی ئەو جۆرە قازیانەیەو سەرراستی رێڕەویانە .. بۆیە هەر دەبوو ، بەرامبەر بەم هەموو تاوانە ، سزایەکی توندی ماسی بدەن .

قازیەکان لە دانیشتنی دادگادا زۆر بە وردی گوێیان بۆ بڕیاری تاوانبارکردن شل کرد وپاش پرس وراوێژ پێشنیاز کرا ماسیەکە لەسەر درەختێك بە پەتەوە بکەن تا بۆ بەدکارەکانی‌تر ببێ بە پەندو عیبرەت .

لەولاوە رێوی بە کەش وفشی هەستایەوە وگوتی:[ گەورەکانم ، هیچ سکتان بەم ماسیە تاوانبارە نەسووتێ . بە پەتەوەکردن سزایەکی بەس نیە بۆ ئەو تاوانە گەورەیە . من بەش بە حاڵی خۆم پاش ئەوەی کردەوە نامەردانە وتاوانە زلەکانی ئەم ماسیەم بۆ رۆن بوەوە ، وام پێ‌باشە ئەم ماسیە بە مردنێکی سەخت وناخۆشتر لەناو بەرین ، وای بە چاك دەزانم ئەم ماسیە بەدکارە ببەنە ناوەندی

ڕوبار وفڕێ بدەنە قووڵترین جێگای ڕوبارەکە تا بخنکێ وئاو وئاو بچێ .]

قازیەکانی‌دی هەموو چەپڵەیان بۆ لێداو گوتیان :

-[بە ڕاستی تەگبیرێکی باشە ! پێویستە یەکسەر ، هەر ئێستا جێ‌بەجێی بکەین ! بەم جۆرە ماسیی تاوانبار فڕێ درایەوە ناو ئاو.]

## ٣٣ - قــــاز

لادێییەك ڕەوە قازێکی دابوە پێش خۆی دەیبرد لە بازار بیانفرۆشێ . لادێیی تەنگاو بوو ، دەیەویست زوو بگاتە بازارو ڕێگاش دوور بوو ، جا وەرگەڕایە قازەکان ، بە شواران لێی دەدان ودەیهاژوان . قازەکانیش بە هێنکەهێنك لە پێشی هەڵدەهاتن ، ئەوەندە ماندووببوون هێزو تاقەتیان لەبەر برا بوو .

قازەکان لەم دڵڕەقیەی لادێی زۆر تووڕە بوون ، بەڵام دانیان بە خۆیان دا گرت ، تا لە ڕێگا گەیشتنە ڕێبوارێك . قازەکان لای

ڕێبوارەکە شکاتیان لە دڵرەقیی لادێییەکە کرد وگوتیان:[کاکی برا ، دیوتە ئەم کابرا بێ‌ئەقڵە چەند لەگـەڵمان خراپـە ، چـەند بێ‌رەح وبێ‌ویژدانە . بێ ئەقڵە ، ئەگەنا دەبوو ڕێزمان بگـرێ ، بە نـەرمی لەگەڵمان بجووڵێتەوە ، چونکە دونیا دەزانێ باپـیرە گـەورەی ئێمە بوون ڕۆمایان ڕزگار کرد .]

ڕێبوارەکە وەڵامی دانەوە :[وایە ، بەڵام ئایا بە تەمان هەر لەبەر ئەوەندە ، ڕێزتان بگیرێ؟!]

-[جا بۆ ئەوەندە کەمە ؟ ... باپیرە گەورەمان .....]

-[بەڵێ ، بەڵێ دەزانم ، چیرۆکەکەم خوێندۆتـەوە ، بـەڵام پێم بڵێن ئێوە خۆتان چ خزمەتێکتان پێشکەش دەوڵەت کردوە ؟]

-[باپیرە گەورەمان ڕۆمایان ڕزگار کرد .]

-[ئەمە وایە ، وا ! بـەڵام ئێـوە خۆتـان ، بـە دەسـت وبـازووی خۆتان چیتان کردوە ؟]

-[ئیمە ، ئیمە خۆمان هیچمان نەکردوە .]

-[ئەدی چ سوودێکتان بۆ کۆمەڵ هەیە ؟ قازی چا بـن ، واز لە یادی باب وباپیرو باپیرە گەورە بێنن ... نەتا[...]ستوە کابرای زانا فەرموویەتی :

[ ئەگەر شانازی دەکەی ، شانازی بە باپیرە گەورانتەوە مەکە ، ئەوان بۆ سەردەمی خۆیان ژیان ، سەردەمی ئەوان رۆیشت ، ناگەڕێتەوە ... شانازی بە خۆتەوە بکە ، نەك بەوان ... تێکۆشە ، ئەوەی تێبکۆشێ بەری تێکۆشانەکەی دەخوا . ]

کەواتە ، قازینە ، ئێوە تەنیا بۆ برژاندن وسوورکرانەوە باشن !!]

.......................

## ٣٤ - فیلی ڕێزگیراو

شێری شای دارستان بیری کردەوە لەناو گیانداران برادەرێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ لە گەڕان وئێوران لەگەڵیدا بێ . فیلی بە برادەر هەڵبژارد . هەموو گیاندارانی دارستان نارەزاییان دەربڕی وئەم باسە ماوەیەکی زۆر بوو بە قسەی سەر زاران .

چۆن دەبێ فیل لە حزوور پاشادا ئەم پایە بەرزەی پێببڕێ ؟ نەگیانداریکی هێندە ناسك ونازدارە ! نە هێندە زیرەك وقسە حازرە! جگە لەوەی خووڕەوشتی زۆر ناپەسندە !

ڕێوی کلکی خۆی جوان ڕازاندەوە وگوتی :[ئەگەر فیل کلکێکی

ئاوها جوان وبە کەلکی هەبایە هەقی خۆی بوو پاشا ئاوڕ

مەرحەمەتی لێبداتەوە ! ]

ورچیش هاتە پێش وگوتی :[ئەگەر فیل کەلبەی تیژو چرنۆکی

تیژی هەبایە لەبەر دڵمان گران نەبوو ! ]

گا گوتی :[دوور نیە شێر حەزی لە کەلبەی درێژی فیل کردبێ

وبە قۆچی تێگەیشتبێ . ]

لەو کاتەدا ، کەر گوێیەکانی لێك داو گوتی :

[ئێوە هەمووتان سەهوون ، من لە یەکەم سەرنجەوە زانیم شا

بۆچی فیلی بە برادەری خۆی هەڵبژاردوە ... تەنیا لەبەر ئەو

کردوویە بە برادەری خۆی چونکە فیل گوێی درێژە ! ]

.................................................................

## ٣٥ - مەیموون

دەگێڕنەوە جوتیارێك هەموو ڕۆژێ پێش بەیانی لە خەو هەڵدەستا وهێشتا ڕۆژ لە چ جێیان دیار نەبوو دەگەیشتە سەر زەوی. لە سبەینێ تا ئێوارێ ئارەقەی ڕەش وشینی دەڕشت - خەریكی زەوی كێڵان و بژار وئاودان وتۆدان وئالیكدانی مالآت ولەوەڕاندنی مەڕ بوو.

دەرو دراوسێ كە بە كنیدا تێدەپەڕین ودەیاندی ئیش دەكا پەسنیان دەداو پێیان هەڵدەگوت وئاواتی بەختی لەبارو خێروبەرەكەتی زۆریان بۆ دەخواست .

مەیموون گوێی لەم پەسن وپێهەڵگوتنە بوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی بۆ منیش شتێكی وا نەكەم خەڵك پێم هەڵ بڵێ ؟ جا بڕیاری دا ئیشێكی زۆر گران وناخۆش بكا تا سەرنجی خەڵك ڕابكێشێ وخەڵكەكە بە دلێری ولێزانی وئازایەتی هەڵبلێن .

مەیموون پارچە دارێكی ئەستوورو زلی دۆزیەوە ... ملی لەبەر نا لێرە غلۆری دەكردەوە ئەو لای، لەو لای هێرودەی دەهێناوە ، تا شل وشەكەت بوو ، هەموو تیسكی بوو بە ئارەقە ... بۆ ئەوەی بوو،

خەڵك ئافەرینی لێبکەن ، بەلاّم هیچ کەس ووشەیەکی پەسن

وستایشی لە زار نەهاتە دەرێ .

مەیموون هەموو ماندووبوونەکەی بێ هوودە چوو . پێی سەیر بوو

کە بنیادەم هێندە بێ ڕێزو دلڕەقە ، لە داخان ولە عاجبایتان کەوتە

مرەمڕ !

کاکی مەیموون پێت عاجباتی نەبێ . ڕاستە ئیشەکەت قورس

وگرانە ، بەلاّم سوودی کەسی تێدا نیە .

## ٣٦ - ورچ وشانەی هەنگ

بەهار هات ، هەنگ کەوتنە سەر کۆکردنەوەی شیلەی گوڵ وهەنگوینی بەتامیان دروست کرد . دڕندەکان ورچیان کردە پاسەوان ونۆبەتداری شانەکان . ئەگەر دڕندەکان بیانزانیایە ورچە بۆر زۆری مەراق هەنگوینە ، لەوانە بوو لە باتی ورچ گیانداریکی دەست پاکتریان بکردایە پاسەوان . بەلاّم کەی دڕندە زانا بوونە ؟ یان کێ دڵێ هەموو کەس بە پاسەوانی شانەی هەنگ ڕازی دەبێ؟ ورچ بە کرو بێ دەنگی ئەو ئەرکەی قبووڵ کرد ... بەلاّم زۆری پێنەچوو بوو بەهات وهاوار وهەراو هۆریا . تومەز ورچ هەموو شانە هەنگوینەکانی بۆ خۆی بردبووەوە ماڵێ .

دڕندەکان پەنایان بۆ دادگا برد . قازی بڕیاری دا ورچ لە ئیشەکە دەربکرێ وزستانێ لە ماڵەوە دەسبەسەر بێ و نەیەتە دەرەوە ، بەلاّم باسی هەنگوینی هەر نەکرد .

بەم جۆرە ورچ زستانەکەی بە خۆشی وشادی لە ماڵەوە بردە سەر، بە لمووز هەنگوینی لە چرنۆکەکانی دەلستەوە ودڵیشی بە شانەی بەهاری دادێ خۆش بوو .

## ٣٧ - خەرواری بایی

خەروارێکی بەتاڵ لەسەر کۆسپەی دەرگا فڕێ درا بوو . کەس لای لێ نەدەکردەوە . نۆکەر ،کە دەچوونە ژووری وەدەهاتنە دەری ، پێڵاوی خۆیان پێ دەسرییەوە .

ڕۆژێ خاوەنی ماڵەکە بڕیاری دا چی زێڕی هەیە لەم خەروارەی بکات . فەرمانی دا خەروارەکەیان هێنا ، جوان شووشتیان . ئینجا پڕ زێڕی بریقەدارو زرنگەداری کردو خستیە ناو قاسەیەکی مکووم وپێتەو . بەم جۆرە خەروارەکە پاش بێ نموودی نرخی پەیدا کردو پاش کلۆڵی بەخت ڕووی تێکرد . نە کزەبایەکی پێ دەکەوت، نە مێشێکی لەسەر دەنیشت ، نە دەستی کەسی پێ دەکەوت .

دەنگ وباسی ئەم خەروارە بە سەراپای شاردا بڵاو بوودەوبوو بە ...شتە خۆشەی سەر زاران . هەر کەسێ ڕاست دەبوودەوە بە چاکە، نازانجی خەروارەکەی هەڵدەگوت . گەورە وگچکە بە چاکە باسیان دەکرد . میوان بە ڕێزو ئیکلام کێشانەوە ، بە نەرمی ، دەستیان لێدەدا ، بە چاوێکی پڕ ویقارو حورمەتەوە تەماشایان دەکرد . کە

لەبەر چاویان بکرابایەوەو زیری ناویان بدیبایـە سـەری سەرسامیان بادەداو پەح ! پەح ! پەسنیان دەدا .

خەروار لە خـۆی بـایی بـوو ، لووتـی بـەرزکردەوە ، خـۆی لـە هەموو کەس بەزلتر دەزانی . وای لێهاتبوو خەڵکی بە کـەم دەزانـی، باسی ئەم وئەوی دەکرد - فلان کابرایەکی کارامەیە ، فلان پەرۆ بەگوە ، فیسارەکەس بێکەڵك وناخێرشەرە . ئەوانەی دەورویشتیشی بە وردی گوێیان دەدایە ولەبەر ئەوەی پایەبەرزو بەمەرتەبە بوو هەر چەندە قسەکانیشی هیچ وپووچ وبێسەروبەر بوون بـەڵام هـەموو بە قسەی ماقوولیان دەزانی ، لەبەر هیچ نا، هەر لەبەر ئەوەی پڕ زێـر بوو.

رۆژ هات وچـوو ، مـانگ هـات وچـوو .وای لێهـات خەرواردکـە بەتاڵ وحەتاڵ بوو ، یەك لیرەی تێدا نەما . وەکو جاران فرێیان دا. بەم جۆرە لەبیر کراو کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە وناوی نەهێنا.

........................

## ٣٨ - هەڵـــۆو داركونكەرە

هەڵۆ بە خۆو بــە تــەواری هاوســەری بەســەر دارســتانێكی چــڕد فرین بۆ ئەوەی درەختێكی وا بدۆزنەوە بشێ هێلانەی لەســەر بكــەن ... بە ئاسماندا خولانەوە ، خولانەوە تا پیرەداربەڕوویەكیان دیتــەوە تا تەشقی ئاسمان هەڵستا بوو ، چل وشاخی پەرت وبلاوكردبــووەوە. بڕیاریان دا لەسەر ئەو دارە بئێورن وهێلانە هەڵنێن.

داركونكەرەیەكی بچووك لە بن ئەو داربەڕوە هــەبوو ، كــە زانــی هەڵۆ بە تەمایــە هێلانــە لەســەر ئــەم دارە چــێ بكـا لێی‌چــوە پێش وئاگاداری كردەوە وگوتی :

[ گــەورەم ، هــەڵۆ ، زۆرم پێ‌نــاخۆش بــوو كــە بیســتم بــە تــەمای هێلانە لەسەر ئەم درەختە دروست بكەی وبێچووی لەسەر پەروەردە بكەی ... ئەم درەختە ڕەگەكانی خــوراون ورزیــون ... هاكا لــە ڕەگ وریشەوە هەڵكەناو بەربووەوە سەر زەوی ]

هەڵۆ بە هاوسەرەكەی گوت : [ توخوا ، قەت گێلی وكەودەنی وەك ئەمەت دیوە كە ئەمڕۆ لــە داركونكــەرەمان دی ؟ باشــە ، بلێ ئەوە چۆن زاتی كرد بێ ئامۆژگاری من بكا ، من كە شــای بــاڵندانم

ولەدونیادا بە چاوتیژو دووربین ناسراوم ؟ خۆی نەدیوە کە دارکونکەرەیەکی کوێرەو چاوی بەر پێی خۆی نابینێ ؟!]

دارکونکەرە چووەوە ناو رەگ وریشالی درەختەکە . هەڵۆش هیچ گوێی بە قسەی دارکونکەرە نەداو لە چلەپۆپەی درەختەکە کەوتە چێکردنی هێلانە . پاش چەند رۆژێ تەوارەکە هێلکەی کرد وکورك بوو وپاش ماوەیەك فەرخەی هەڵهێنا ، فەرخەی زۆر جوان ونازدار! هەڵۆ زۆر هەوەسی پێهاتن ودڵی پێخۆش بوون...

بەڵام بزانە چی لێقەوما ؟!

سەر لە سبیانەکێ ، هەڵۆ خواردنی بۆ هاوسەرو فەرخەکانی کۆکردبووەوە وبەرەو هێلانەکەی دەهاتەوە بەڵام چ ببینێ ؟! کارەساتێکی دی لە کەس روو نەدا ، بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد. بە جارێ بەندی دڵی پسا .

هەڵۆ دیتی داربەڕووەکە بەربووەو هاوسەرو فەرخەکانی بە بن کەوتبوون ونێسك وپرووسکیان وردو خاش ببوو .

هەڵۆی جەرگ سووتاو ، هەموو گیانی لە خەمان داوەشا ، هاوارێ کرد :[وای چم بەسەر هات؟! بایی بوون چۆن کوێری کردم ، گوێم نەدایە ئامۆژگاری دارکونکەرە ... بەڵام کێ دەیزانی

دارکونکەرەی ساویلکە ئامۆژگاریەکی وا بە نرخی پێ بێ شای

باڵندان مەمنوونی بێ ؟!]

دارکونکەرە بە شێنەیی وگرانی وەڵامی دایەوە : [هەڵۆ بەگ ، بایی بوون بە زۆر لەسەرت وەستا . ئەگەر لووتبەرز نەبای ، لە قسەکانم ورد ببایەوە ، دەتزانی من پەرژەوەندی تۆم دەوێ بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم ... خۆت دەبینی من لەناو ڕەگ وریشالی درەختان دەژیم ودەزانم کامەی ساغەو کامەی گەندەڵ ورزیوە .]

.........................

## ٣٩ - بەردو ئەلماس

ئەلماسێك بزر بوو وماوەیەك لە چەقی ڕێگادا کەوت تا خواو ڕاستان بازرگانێکی لێ‌ڕاست هات ، بردی فرۆشتیە پاشا ، پاشا زۆری بەدڵ بوو ، فەرمانی دا چوارچێوەیەکی زێریان بۆ کردو لە تاجی سەریان گرت .

بە درێژایی ئەو ماوەی ئەلماسەکە لەسەر ڕێگا کەوتبوو بەردێکی لە تەنیشت بوو . بەردەکە بیستیەوە ئەلماسی دراوسێی شەرەف وسەربەرزیەکی گەورەی پێ‌براوە ، ئێستا لە کۆشکێکی گەورەدایەو پێی‌لەسەر سەری پاشایە . ئەمە زۆری کار تێ‌کرد . جا هەر هێندە ، دی کابرایەك بەرێدا هات ، هاواری کردێ : [هۆ لادێیی ئازیز هۆ! توخوا ڕوحمێکم پێ‌بکە ، هەڵم گرە بمبە شار ، بێزار بووم هێندەی لێرە بکەوم . هاوین خۆڵم لەسەر دەنیشێ وزستان لە قوڕ هەڵدەکشێم. کە گەرما دادێ لەبەر هەتاو دەبرژێم وکە سەرما دادێ لەسەرمان ڕەق هەڵدێم ... ئا لێرە ، ئەلماسێك لە تەنیشتە من بوو ، ماوەیەکی زۆر دراوسێ بووین ... ڕۆژێ ڕێبوارێك هات بردیە کۆشکی پاشاو ئێستا هەموو عالەم باسی بەختەوەری وسەربەرزی ئەو ئەلماسە دەکەن . تێ‌ناگەم هۆی لێك دابڕاندنی من وئەلماسەکە چیە ؟ خۆ

ئەویش وەکو من بەردە ... توخوا ، ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکە ، بمبە شار ، گومانم نیە بگەمە شار شوێنێکی بەرزم دەست دەکەوێ .

کابرا بەردەکەی هەڵگرتەوە ، خستیە ناو عارەبانەکەی وشار خۆت بگرە هاتم . بەردەکە لە رێگادا شایی لە دڵدا دەگەڕا ، خەیاڵی ئەوەی دەکرد بچێتە پاڵ هاوڕێ کۆنەکەی وجێگەی خۆی لەسەر تاجی پاشادا بکاتەوە .

بەڵام بەخت نەیهێنا ... لە جیاتی ئەوەی بخرێتە تاجی پاشا ، لەگەڵ چەوی‌ترا خستیانە ناو شۆسەی شەقام .

.........................

## ٤٠ - ئەو قەلەی بەتەنێ لەمۆسکۆ مایەوە

کە سوپای ناپلیۆن لە مۆسکۆ نزیک کەوتەوە ، سوپاسالاری رووس نەپکەیەکی وای بۆ دوژمنی داگیرکەر نایەوە دەرچوونی نەبێ ! فەرمانی دا هەر کەسێ لە شارە ، ژن وپیاو وپیرو گەنج ومندالْ شار جێبێلی وبڕوا . هەنگ چۆن شانەی جێ دێلێ ، ئاوها خەلك شاریان جێهێشت ، رێ قەرەبالغ وشەقام جمەی دەهات .

خەلك سەرگەرمی شار چۆل کردن بوو ، هەراو هۆریا بوو ، قەپ وقیڕ بوو ، لەو کاتەدا ، قەلێکی لامل لەسەر بانێك نیشتبوو ، لەسەرەوەرا سەیری دیمەنەکەی دەکرد ، بەلاْم کپ وبێدەنگ بوو ، زاری لێك نەدەکردەوە .

مریشکێك لەناو عارەبانەیەکەوە کەبە پێش مالْەکەی قەلی لەسەر نیشتبوو تێپەری ، چاوی بە قەلەکە کەوت وهاواری کرد :[هاورێ قەل ، ئەوە چیە ؟ دەلْێی بە تەما نی لە شار بڕۆی ؟ وا دوژمن هات گەیشتە بەر دەروازەی شار ...]

قەلەکە بە لووتبەرزی وبایی بوو ئەوە وەلاْمی دایەوە :[جا من بۆ بار بکەم وشار جێبێلم ؟ کەس هەقی بەسەر منەوە نیە . قەلێکی وەکو من بە کەلکی برژان وکولاْن وخوران نایە . بۆ خۆم لێرە

دەمینمەوە ! بێگومان پارووپەکی خۆشم لەوانــە وەدەست دەکـەوێ
کە دێنە ناو شار .]

بەم جۆرە قەلەکە بە تاقی تەنێ لە مۆسکۆ مایەوە، بەڵام لە باتی ئەوەی خواردنی چنگ بکەوێ ، ئەو سەربازانەی هــاتبوون لەبرسان شێت وهار ببوون ، گرتیان و سەریان بـڕی ولێیـان نـاو بـۆ جـەمێ قنیاتیان پێکرد .

........................

## ٤١ - لادێیی وڕێگر

لادێییەك ماوەیەك جۆوانی كرد وچی پارەی چنگ كەوت پاشەكەوتی كردو پارچە زەویەكی پێ‌كری ، ئینجا چوە بازار مانگایەك ودەست مەنجەڵێكیشی بۆ ماست كری .

لادێییەكە ، بە خەنی خۆشی لە شار دەهاتەوە ، مانگای رادەكێشاو دەست مەنجەلە كەی بە دەستەوە بوو .رێی كەوتە ناو دارستانێكی چڕ ، رێگرێك لێی دەرپەری وچی پێ بوو هەمووی لێ‌سەند .

لادێییەكە لە رێگرەكە پارایەوە :[نەختێ بەزەییت بە حالمدا بێتەوە ، سالێكی رەبەق رەتام وئیشم كرد تا پارەی ئەم مانگا بچووك وجوانەم كۆكردەوە، لەوەتی هەم خەون بەو رۆژەوە دەبینم مانگایەك ببەمەوە سەر زەوی خۆم ، كەچی تۆ وا لێم دەسەنی ![

رێگرەكە وەلامی دایەوە :[هێندە بە كابرایەكی بێ بەزەم تێ‌مەگە. ئەوەش بزانە دزیش پیاوی میهرەبان ودڵنەرمیان تێدایە ... من لەبەر ئەوەی ئەم مانگایە راناگرم ، دەیفرۆشم ، پێویستم بە مەنجەڵەكە نابێ ، قەیدی نیە مەنجەڵەكەت لێ ناسێنم ، با بۆ خۆت بێ . كوومە ؟؟! [

.........................

## ٤٢ - تیپی مـــۆزیقه

کەرو بزن ومەیموون و وورچێکی ئێسك گران کۆبوونەوەو تیپێکی مۆزیقایان پێك هێنا . هەندێ نۆتەو ئامێری مۆزیقەیان پـەیدا کـرد . لە ژێر درەختێك دانیشتن بۆ ئەوەی مۆزیقە بۆ ڕێبواران لێبدەن .

لێکرا دەستیان بە مۆزیقە لێـدان کـرد . هـەر کەسـە بـە ئـامێری خۆی، بەڵام ئاوازێکی ئەوەندە ناسازیان دەرهێنا هەموو شتێ بوو، مۆزیقە نەبێ . ئاوازێ بوو گوێی پیاوی کەڕ دەکردو کەللـەی کـاس دەکرد .

مـەیموون هـاواری کـرد : [بەسیە برادەرینـە ، ئاوازەکـە زۆر ناخۆشە ! ئەگەر جێمان بگۆڕین لەوانەیە ئاوازەکە بە جۆشتر بـێ . ورچ ، تۆ لێرە دانیشە ، بزن تۆش لە پێشەوە ، منیش لەتەك کەری هاوڕێم دادەنیشم . یاللا دەسـت پێ‌کـەین] کـە سـازندەکان خۆیـان ڕێك خسـت ودەستیان پێ‌کرد . ئاوازکە لـە جـاری پێشـوو نـاجۆرتر دەرچوو .

کەرزەری وگوتی :[هاوڕێینـە ، تێ‌گەیشـتم نهێنیەکـە لـە چی دایە؟ بۆ ئەوەی ئاوازێکی بە جۆش وخرۆش لێ‌بدەیـن دەبـێ لەتـەك یەکەوە، بە ڕیزێکی ڕاست بوەستین ]

تیپەکە بە گوێی کەریان کرد وپێشنیارەکەیان جێ بە جێ کرد

بەلام ئاوازەکە چاك نەبوو ، هەر وەکو جاران مایەوە .

لێیان بوو بە مشت ومڕ : چۆن دابنیشن بۆ ئەوەی ئاوازەکەیان

نەرم وناسك وخۆش دەربچێ .

شالوورێك گوێی لە هەراو هۆریایان بوو ، لێیان نزیك کەوتەوە

بزانێ مەسەلە چیە ؟ کە ئەندامانی تیپەکە چاویان پێ کەوت .

لێی پارانەوە : [شالوور ، توخوا پێمان بڵێ چۆن بتوانین ئاوازێکی

بە جۆش لێبدەین ؟ ئامێرو نۆتەمان هەیە ؛ بەلام نازانین چۆن

دابنیشین ؟!]

شالوور وەلامی دانەوە :[کەیفی خۆتانە ، چۆن حەز دەکەن وا

دانیشن . بەلام مادام گوێی ناسکی مۆزیقەیی وچەشەی بەرزی

هونەریتان نیە ناتوانن ئاوازی ناسك وخۆش لێبدەن .]

.........................

# ٤٣ - پاداشتی سمۆره

بانگی سمۆره‌یان کرد، بێ له باره‌گای شاهانه‌ی شێردا خزمه‌ت بکا . شێر به نه‌رم و هێمنی پێی‌گوت :[سمۆره ، تۆ له مه‌ودوا ده‌بی به ئه‌ندامێکی بنه‌ماڵه‌ی شاهانه ، که ته‌قاویتیش کرای یه‌ك باره فندقی گه‌وره‌ت پاداش ده‌ده‌مێ .]

سمۆره کرێکه‌ی زۆر به‌دڵ بوو وگه‌لێ هه‌وه‌سی پێ‌هات . شانازی ده‌کرد که له باره‌گای پاشادا خزمه‌ت ده‌کا ... ئه‌وه‌ی پێی بکرابا بۆ ڕاگرتنی دڵی شێر ده‌یکرد . له‌م لاوه ڕای ده‌کرده ئه‌ولا ، له‌سه‌ر ئه‌م چڵه‌داره‌وه بازی ده‌دایه سه‌ر ئه‌و چڵه داره ، نامه‌و ڕاسپارده‌کانی پاشای جێ‌به‌جێ ده‌کرد وئیشی بۆ ده‌کرد ، پاشاش ئیشی ئه‌وه‌نده زۆر بوو کۆتایی نه‌ده‌هات وسمۆره له پڕ ئیشیان ماوه‌ی نه‌بوو سه‌ری خۆی بخورێنێ ، خواردنی به ئیسراحه‌ت پێ نه‌ده‌خوار . که‌چی سمۆره‌کانی‌تر به که‌یفی دڵی‌خۆیان فندقیان ده‌خواردو به‌زمیان ده‌کرد . ئه‌وه‌ی خه‌م بوو نه‌یانبوو ... هیچ شتێ خواردنی پێ حه‌رام نه‌ده‌کردن ... به‌لام سمۆره‌ی پاشا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌میشه به ئیشی پاشاوه له‌وێ ده‌چوه ئه‌وێ ، ماوه‌ی نه‌بوو به‌شداری به‌زم وخواردنی هاوڕێکانی بکات .

سمۆره سەردەمی گەنجێتی بەسەرچوو ، کەوتە سالانەوە ، پەکەتی زۆری بۆ هێنا ، وەکو جاران نەیدەتوانی لە خزمەت پاشادا غارەغار بکا . پاشا تەقاویتی کردو وەك لە سەرەتاوە هەرێنی پی‌دابوو یەك بارە فندقی گەورەی پاداشت دایێ . فندقەکە زۆر گەورەو باش وخۆش بوو ، بژاردە بوو ، لە باشترین درەختی ئەو دارستانە کرابوودوە . فندقی وەك فندقەکانی سمۆرە لەو دارستانە نەبوەو نابێ ... بەلام سمۆرەکەمان سوودی لەو فندقە نەدی کە بە گەنجی خەونی پێوە دەدی ... تا مابووش بە پەستی وغەمباری ژیا ، چونکە پیر وکەترە ببوو ، هێزو ددانی فندق خواردنی نەما بوو.

------------------------

## ٤٤ - لادێیی پێویست

شەوێ دزێك خزیە نـاو مـاڵی لادێییـەك وهـەرچی شتێ كەوتە بەردەستی دزی . كـابرای لادێیـی سـبەینێ هەسـتا سـەیری كـرد گەسكی لـە مـاڵێ دراوەو سافەوسـاف ماشـتوویانەتەوە . لادێیـی تـا دوێنێ دەوڵەمەندو دارا بوو ، كـەچی ئـەمڕۆ كەوتۆتـە سـەر ساجی عەلی...

لادێیی لە هەژمەتان وێك هاتەوە ، برادەرەكانی كۆكردەوە وداوای كۆمەك ویارمەتی لێ كردن . برادەرەكانی هـەر یەكـە ئامۆژگاریـەكی كرد .

یەكێ گوتی :[نەدەبوو پێشتر لاف بـە سـامانەكەتەوە لێبدەی !
لاف وگەزاف لە پیاوی ژیر ناوەشێتەوە .]

یەكێ گوتی :[لەمەودا لەتەك شمەك وكەل وپەلەكانت بخـەوە .]

یەگێ گوتی :[چارەی هەر ئەوەیە سـەگێك ڕابگـری دزت بـۆ پاس بكا ... من دوو تووڵەم هەیە ، وەرە پێشكەشت دەكەم .]

بەم جۆرە هەر برادەرێك ئامۆژگاریـەكی پێشـكەش كـرد ، بەلام هیچیكیـان دەستی بـۆ گیرفانی نـەبرد ، كیسـەی پـارە دەربێنـی ویارمەتیەكی بدا .

## ٤٥ - هەوری بەباران

پەلە هەورێکی ڕەش وبەباران بە گوڕ بەسەر ناوچەیەکی ڕووتەندا تێپەڕی کە لە بێئاوی هەڵدەقرچاو لەبەر وشکی وگەرما هەموو قەڵشت بوو ، بەڵام پەلەهەورەکە یەك دڵۆپە بارانی بەسەر ئەم ناوچە وشکەدا نەباراند ... بە پەلە ڕۆیشت تا گەیشتە ناوەندی دەریا . لەوێ هەڵیکردە بارانێکی وا دەتگوت کۆتکی دەونخوونە.

هەورەکە خۆی هەڵدەکێشا چۆن ئەم هەموو بارانەی بە دەریا بەخشیوە . چیایەکی نزیك گوێی لە قسەی هەوری بایی بوو ، گوتی :[هەورۆکە ، کەس سوود لەو بەخششەت ناکا کە شانازی پێوە دەکەی. دەریا ئاوی خۆی سەرو زیادە ، چ منەتی لەسەر مەکە ... ئەگەر ڕاست دەکەی تۆ بەسەر زەویە وشکەکەدا بباریبای تا خەڵکەکەت لە گرانی وقات وقڕی ڕزگار کردبا .]

.......................

## ٤٦ - دوو گــــۆزە

دوو گۆزە بە ڕێدا دەڕۆیشتن ـ یەکێ پڕ شەراب بوو ئەوەی تر بەتاڵ بوو . ئەوەی یەکەم ، زۆر بە شێنەیی ، بێ ئەوەی کەس دەنگی ببیسێ ، بە ڕێگادا دەڕۆیشت ، کەچی دووەم کردبوویە تەق وتۆق وژاوەژاوێکی وا هەر مەپرسە ، وەك هەورە تریشقە دەتەقیەوە وەك تۆپ گرمژنی دەهات ، ڕێبوار لە ترسان ڕێگایان بۆ چۆڵ دەکرد.

هەر چەندە خەڵکەکە گۆزەی یەکەمیان نەدی ولایان لێ نەدەکردەوە بەڵام ئەویان لەلا زۆر زۆر لە هاوڕێ فش فشکەرەکەی بە نرخ و سەنگینتر بوو .

........................

## ٤٧ - دارمێـــو

دارمێوێـك بـه دیـواری باخچەیـەك هەڵگـەراو خـۆی لـە سنگولکەیەکی دیوارەکە لوول دا . داربەڕوویەکی بچووك لەو دیـوی شوورەی باخچەکە هەبوو . کـە دارمێوەکـە چـاوی بـە داربەڕوەکـە کەوت چرپاندیە گوێی سنگولکەکە :[تۆ زۆر لە داربەڕوو مـەزنتری. وایـە داربـەڕوو گـەڵای سـەوزی پۆشـیوە بـەڵام گـەڵاکانی خـەم وخەفەتیان پێوە دیارە ، چلەکانیشی پتەوە بەڵام هێزیان لەبەردا نیە . تێناگەم بۆچی زەوی خۆی ماندوو دەکا؟ وخـواردن بـەم درەختـە پەست وبێنرخـە دەدات ؟ کـەچی تـۆ ، سـنگولکەی نـازدار ، بـە راستی قەدو قامەتێکی رێك وپێکت هەیـە . ئـەوەی بتبینـێ ئەشقی بەژن و باڵات دەبێ] پاش چەند ڕۆژێ،خاوەنی باخچەکـە پێوسـتی بە دارێك بوو ،سنگولکەکەی لە دیوار دەرهێنا وشەقی کرد . ئینجـا چـوو داربەڕوەکـەی دەرەوەی گواستەوەو لـەناو باخچـە چـاندی ... داربەڕووی خزمەت کـرد ، پـەروەردەی کـرد تـا پشـکۆژەی دایـەوە ورەگی لە زەوی داکوتاو ولك وپۆپی هەڵکشا ئاسمان . دارمێوەکە کە ئەمەی دی ، خێرا چوو خـۆی لـە داربەڕوەکـە ئاڵاند ... ئێـدی چ ئیش وکاری نـەبوو ، شـەوو ڕۆژ دەمـی نـەدەچوە کـاڵان، هـەر بـە گەورەیی وچاکەو دانسقەیی ئەم درەختە بەرزەی هەڵدەگوت .

.........................

## ٤٨ - ئەو جوتیارەی لە کەلبەی ورچ ڕزگاری بوو

ڕۆژ چوە سەر ئاوا بوون . جوتیارێك بە خۆو بــە نۆکــەرەوە بەرەو ماڵ بوونەوە . ڕێیان کەوتە ناو دارستانێکی چڕ .

نۆکەر دووبەدووی ئاغای دەڕۆیشت . هەر هێندەی زانی ورچێکی زل تاوی دایە جوتیارو کەلبەی لە قرقرتۆکی ناو چرنۆکی لە لەشی گیر کرد وئاوری لەم لاو لەولا دایەوە جێگایەکی لاپەڕ بدۆزێتەوە ئەم جەمە چەورەی لێ بخوا .

جوتیار کە مردنــی خــۆی لێمسـۆگەر بــوو ، تــا هـێزی تێدا بوو هاواری نۆکەرەکەی کــرد :[هــاوڕێیێ ئــازیز ، فریــام کــەوە ، برای خۆشەویست بگە هانام . بمگەیە ورچ نەیهێشتم .]

نۆکەر فریای ئاغای کەوت . تەوری قیت کردەوەو تا هێزی تێدا بوو لە تەپڵی سەری ورچــی داو ســەرو لەشــی لێــك جــودا کردەوە ئینجا بە شەنە کەوتە سەری وئەنجن بە ئــەنجنی کــرد . ورچ وەك تەرك لەو گۆڕە کەوت .

جوتیــار کــە ترسی نــەماو پشــووی هاتــەوە بــەر ، ڕووی کرد نۆکەرەکەو ڕکی خۆی لێ کردەوە وبەتوندی بەسەریدا ڕۆیشت :

-[هەی گێل ونەفام ، ئەوە چیت کرد ؟]

-[چیم کرد ئاغا ؟]

-[کوو چیت کرد ؟ گەوجی بێمەعریفەت ، بە جۆرێکی وا ورچەکەت کوشت فەروەکەت نەهێشت ، هەمووت فەوتاند . پێستەکەی بە کەڵك هیچ نەما .]

.........................

## ٤٩ - مارو لادێیی

مارێك چوە ناو کووخی لادێییەك ولەلا دێییەکە ناورایەوە ماوەی بدا لە کووخەکەیدا بژی ، گوتی : [لە کووخەکەت جێم بکەوە ، بە خاووخلیچك وتەپ وتەوەزەلی ناژیم . خزمەتی منداڵەکانت دەکەم . خواردنیان دەدەمێ ، پەروەردەیان دەکەم . ئەو خەڵکە وای چوتە مێشکەوە کە مار نانکویر وبێوەفان . بکەونە هەر ماڵێك کێشەو قەرقەشی لێدەنێنەوە . من ناڵێم ماری خراپ وبەدکار نیە . هەیە ، بەڵام دڵنیا بە من لەو جورە مارانە نیم . لەوەتی هەم بە

دەربەدەری دەژیم ، تا ئێستا بە هیچ کەسم وەنەداوە. بەڵێنیشت دەدەمێ کەلبەم بە هیچ کەس نەکەوێ . لەم دونیایەدا زۆرم هەوەس بە چاکە دێ .کە خۆم لە پشیلوکەیەك هەلدەسووم . یان کچێکی ژیکەلە ژێر دەکەمەوە دلم نوخڤن دەکا... بێجگە لەمەش زۆرم پێخۆشە چاوەدێری مندالی ساوا بکەم]. لادێییەکە وەلامی دایەوە :

[وێ دەچێ قسەکانت راست بێ . بەلام دەترسم ئەگەر بە برادەراتی تۆ رازی بم ، ماریتر بێن وەهەمان داوام لێبکەن . ئەو حەلە هەزاران کەلبەمار مرخ لە مندالە ساواکانم خۆش دەکەن ... جا گەوردم ، ببورە کە ناتوانم مار لە کووخی خۆم رابگرم .]

بەم جۆرە لادێیی مارەکەی لە هەوکی خۆی کردەوە .

.......

## ٥٠ - ئاشەوانی گــەمژە

گونجی ئاشەوان کونێکی بچووکی تێبوو ،ئاوی دەدا . ئاشــەوان دەیتوانــی بــە ئاسانی کونەکــە بگــرێ ودوا ڕۆژ هیــچ زەرەر نــەهێنێ، بــەڵام کەمتەرخــەمی کــرد ، گاڵتــەی بــە کونــە بچووکەکــە کــرد . کونەکەش هەر هات وگەورە بوو وئاوی زۆرترو خێراتر لێهات .

[ئاشەوان ، ئاگاداری ئەم کونە بە ، تا ئیشەکە گــەورە نــەبوە چارەی بکە !] ئاشەوان شانی هەڵتەکاند وباوێشکی داو گوتی :

[گوێ مەدەرێ ! خۆ من دەریایەك ئاوم ناوێ . ئەم ئــاوەی هەمــە تا مردن بەشم دەکا .]

شەوێ ، ئاشەوان لــە شــیرین خــەودا بــوو ، ئــاو وەك لافاو لــە گونجەوە دەر بوو . هەر دوو بەرداشی شکاندو ئاش لە ئیش کەوت.

ئاشەوان بە تووڕەیی لەخەو هەستا . چوو جێی کونەکەی پشکنی، نەیزانی چۆن بەری ئەم تەوژمە بەگۆزمە بگرێ ... بەڵام تــازە کــار لە کــار تــرازا بــوو... لــەو کاتــەدا مریشــکێك هــات ئــاو بخواتــەوە . ئاشەوان بە تووڕەیی هاواری کرد :[مریشکی گەمژەو گــەلۆر چاوت نــابینێ مــن تــەنیا ئــەوەندە ئاوکــەم مــاوە ، دەتــەوێ ئەویشــم لێ بخۆیتەوە ؟]دەستی دایە دارێك ورایوەشاندە مریشکەکەو دەسبەجێ

کوشتی . بەم جۆرە هەر مریشکێکی هاتە سەر ئاو کـابرا کوشتی...

تازە ئاو پاس کردن بە چ کەلك دێ ؟!

ئیدی ئاشەوان چۆن ئـاوو ئاشـی چـوو ، ئاوهـا مریشکەکانیشی چوو .

........................

## ٥١ - ڕێوی بەخشندە

ڕێـوی لـە کۆلێتـی مریشـکان تـێرو پـڕی خـوارد . بـای چـەند جەنیکیش خواردنی پێچایەوەو چوو لـە تەنیشـت ڕەنـدەی هووڕە پالی دایەوە بۆ ئەوەی نەختێ چاوی خۆی گەرم بکا .

گورگێکی برسی بەکن ڕێویدا تێپـەڕی ، گوتـی : [ئـامۆزا ، لە برسان هەناوم دەپسێ . ئەمڕۆ لە سورێ سبەینێوە خواردنم بە زاری نەکەوتوە . سەگ زۆر درو بێبەزەن . شوانیش بە هەموو دەمێ واگاو هوشیارن ، قەت ئاگایان لە مێگەل نابڕێ . ئیدی پارچـە ئێسـکێکم دەست نەکەوتوە قنیاتی پێبکەم .]

ڕێوی وەڵامی دایەوە :[وەی بەستەزمان گورگ !! بۆت نـەمام ، مەناوم هەڵاهەلا بوو بـۆ حـاڵت !! ئـەم هـەموو هـووردە دەبینـی . چەند زۆرە ، تێکەوە چەندت دەوێ بۆ خۆت ببە ... فەرموو بکـەوە سەرێ خۆت خەنی کە !]

بەڵام لەبەر ئەوەی گورگ حەزی لە هووردە نەبوو . ئـاخر چ لـە هـوورده بکـا ؟ - بــە پەســت وغــەمگینی وەرســوڕایەوەو ڕێوری گەڕایەوە .

بێگومان ڕێوی گێل نەبوو بە گورگ بڵێ هەندە هەندە گۆشـتەی لایە .



CamScanner

## ٥٢ - دەمە شمشێر

دەمەشیرێکی کۆسەمیسری فڕێ درابوە ناو کۆمەڵە پارچە ئاسنێکی کۆن . کەس نرخی ئەم دەمە شمشێرە بڕندەیەی نەدەزانی.

ڕۆژێ ، لادێییەك هات کۆمەڵێ پارچە ئاسنی کۆنی بە هەرزان کڕی ، دەمە شمشێرەکەیشی بەگەڵ کەوت . بەڵام لادێیش وەکو ئەوانی کە نرخی ئەو پۆلایەی نەدەزانی کە دەمە شمشێرەکەی لێدروست کرا بوو .

لادێیی لەناو پارچە ئاسنەکان گەڕا ، دەمە شمشێرەکەی دیتەوە. جودای کردەوە ، دەسکەدارێکی بۆ کرد . دەمی سنگولکەی پێدادەدا ، لکەداری پێدەبڕیەوە ، ئیشی ڕۆژانەی پێ جێبەجێ دەکرد .

ساڵێکی نەبرد ، دەمەشمشێر ژەنگی هەڵهانی وکۆڵ بوو . منداڵ گەمەیان پێدەکرد . دەیانکردە ئەسپۆکە وسواری دەبوون . لادێییش لینجاوی وشکەوەبووی درەختی پێدەبڕی وپێلاوی پێ دروست دەکرد وئیشی کەم وبێنرخیتری پێدەکرد . بەم جۆرە دەمەشمشێرا پاش سەربەرزی کەوتە پەستی وپاش پایەبەرزی کەوتە نزمی .

رۆژێ ، ژووژکێك لە کەلێنێك وەرسورایەوە . دەمە شمشـێرەکەی دی بە بێ‌نرخی لەسەر زەوی کەوتبوو . سـکی پێ‌سووتا وگوتـی :

[توخوا ئەی شـیری لاهوری . ئـەم ژیانـەت چ سـوودێکی تێدایـە ؟ خـەڵك بـە شـیری چـاك هـەڵدەلین . شـیری دەبـان پەسـن دەدەن بەتایبەتی ئەو شیرانەی لە پۆلای وەکو پۆلای تـو دروسـت کـراون .

تۆ کەلێنجاوت پێ‌دەبڕن ، سنگولکەت پێ‌دادەدەن، چل وپۆیت پێ دەبڕنەوە ، توخوا ، هەست بە شەرمەزاری ناکەی ؟ لەخۆت تەریق نابیتەوە ؟ سەرەڕای ئەمەش، وا بووی بەگاڵتەجاڕی منداڵە وردکان.]

دەمەشمشێر مەردانە دەمی کردەوە وگوتـی :[منیـش کـاتی خـۆی لەناو دەستی شۆڕەسواری بوێرو ئازا دەبریقامـەوە ، ترسم دەخستە دڵی دوژمن ، بەلاّم ئیستا کە ئەم ماڵە ئیشـی کـەم وکرێتم پێ‌ڕایـی دەکەن ، شوورەیی بۆ من نیـە ، بـۆ ئـەو کـەودەن ونەزانانەیـە کـە نازانن من بۆچی دروست کراوم وشیاوی چیم ؟]

........................

# ٥٣ - مەڕو گورگ

گورگ زۆر ئەشکەنجەی مەڕانیان دا . ژیانیان لی‌کردن بە دۆزەخ. فەرمانڕەوایانی گیانداران سکیان بە مەڕەکان سووتا وبڕیاریان دا کۆڕێك ببەستن ولەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە وسزای وا دابنێن ویاسای وا دەربکەن ژیانێکی هێمن وئاسوودە بۆ مەڕان مسۆگەر بکەن ... چەند کورسیەکیشیان لە کۆڕەکە بۆ گورگان تەرخان کرد. بەو بیانوەی هەندی گورگ هەستیان ناسك وردوشتیان بەرزو دڵیان کەیلی میهرەبانیە – لە مێگەل نانێن ، گیانداری بی‌دەسەلات ناخۆن . تەنیا لەکاتی برسیتی نەبی .

کۆڕەکە درێژەی کێشا . پاش بینەو بەردیەکی زۆر ، پاش راوێژو تەگبیرو رادەربڕینێکی فراوان ئەندا مانی کۆڕەکە یاسایەکیان دەرکرد:

[ئەگەر گورگ زاتی کرد پەلاماری مەڕ بدا ، مەڕ مافی رەوای خۆیەتی بینەقاقای گورگەکە بگری ورایکێشێتە بەر دەم دادگا ، تا سزای رەوای خۆی وەربگری]. ئەم یاسایە زۆر باش بوو . بەرژەوەندی مەڕی تێدا بوو . بەلام ئەوساو ئێستاش کەس نەیدی

مەڕێك گورگ بێنێتە بەر دەم دادگا، هەر مەڕەو تووشی كوژران وخوران وفەوتان دێ ، نەك گورگ .

..........................

## ٥٤ - گورگ وبێچوەكەی

گورگێ ویستی بێچوەكەی وەكو خۆی فێری پەیداكردنی خواردن بكات . سبیانەكێ زوو ، گورگ بێچووی نارد لە دەرەوەی دارستان بگەڕێ وئەگەر دەرفەتی بوو مەڕێكی قەڵەو بۆ ناشتا بێنێ .

بێچوە گورگ لە دارستان چوە دەرێ . ئەم لاو ئەولا گەڕا . زۆری نەبرد بە ڕوویەكی خۆش وخەندانەوە هاتەوە لای باوكی وهاواری كرد : خێرا ، باوە هەستە بچین ، نێچیرێكی چەورت نیشان دەم.

مێگەلێكی گەورە وا لەسەر ئەم گردەیە ، مەڕی هێندە گەورە وقەڵەوی تێدایە نایەتە ژمار . با بچین ، دڵمان كامەی گرت پڕی پێدەكەین ودەیهێنین ، جەمێكی خۆش ساز دەدەین .

پیرە گورگ گوتی :[کوڕم ، هێواش ! ئیشەکە ئەوەندە ئاسان نیە وەکو تۆ بۆی چووی ! جارێ پێــش هــەموو شـتێ پێـم بڵـێ شـوانی مێگەلەکە چتۆ شوانە ؟]بێچوو وەڵامی دایــەوە :[دەڵێـن زۆر چـالاك ولێهاتوە ، زۆر بە هوشیاری نۆبەت لە مەڕەکانی دەگرێ ] دوو سێ جار لە دەوری مێگەلەکە سووڕام وهەموو جێگایەکم بەسەر کـردەوە؛ بـەلام گوێـم نـەدا سـەگەکان. سـەگەکان تـەپ وتـەوەزەلن . دڵنیـام تووشی هیچ شتی وا نابین ڕێمان لێ‌بگرێ وڕاومان پێ بەتاڵ بکا .

باوك سەری باداو گوتی :[ئەو قسەیەی تۆ دەیکەی وا دەگەیەنێ نابێ ئەمڕۆ خۆمان لەم مێگەلەیە بدەین . تۆ دەڵێی شوانەکە چـالاك ولێهاتوە . شوانی چالاك سەگی دڕو بە بـەزو ئـازا بـۆ مێگەلەکـەی ڕادەگرێ .. ڕانەمەڕ هەیە زۆر سەگی لەگەڵدایە بەلام لەبەر ئــەوەی شـوانەکەی گێلـە لێی‌مەترسـە ... ئـەو شـوانەی گێـل وکـەودەن بـێ سەگەکانیشی بێ‌کەلك وتەوەزلن .]

..............................

## ٥٥ - سـەگ وئەسـپ

سەگێك وئەسپێك بە یەكەوە لە ماڵە جوتیارێك دەژیان . چەند ساڵ وعەیامێك خزمەتی ئاغای خۆیان كرد . رۆژێ بەرامبەر یەك وەستان . هەر یەكە شانازی بە ئیشی خۆیەوە كردو تانەو تەشەری لە ئیشی ئەوەی تر دا .

سەگ گوتی :[هۆ ئەسپەكە هۆ ! چیتر پف مەكەو خۆت هەڵمەنێ. ئیشەكەی تۆ ئەوەندە گران وگرنگ نیە هێندە لاف وگەزافی پێوە لێبدەی . ئەگەر من سەرەپەتێكم بە دەست بایە لەم ماڵە دەرم دەكردی . هەموو ئیشەكەت یان هەوجار راكێشانە یان عارەبانە راكێشان ! بە رۆژ لەوە زیاتر ناكەی ، بە شەویش دەحەسێیتەوە . چ هەق نیە شانازی بەم ئیشەتەوە بكەی . ئیشی تۆ لە چاو ئیشی من زۆر سووك وسانایە . من شەوو رۆژ دەرەتێم وەدادانم نیە – رۆژ تا ئێوارێ لە ئاقاری پاسەوانی مەرو ماڵات دەكەم وشەویش تا بەیانی لە ماڵەوە نۆبەت دەگرم .]

ئەسپ بە گران وسەنگینی وەلامی دایەوە :[راست دەفەرمووی ، تۆ شەو ورۆژ نۆبەت دەگری ، بەلام لەبیر نەكەی ئەگەر من هەوجار رانەكێشم هیچ شتێ نابێ تۆ پاسەوانی بكەیت .]

.........................

## ٥٦ - دەوڵـــەمـــەنـــد

کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند لە شارێکا هەبوو . بە ملوێنان دینـاری هەبوو، لەگەڵ ئەوەش دا هیچ خێری بە هەژاران نەدەکرد . ئەوەندە ڕەزیل بوو نەبێتەوە . خەڵکی شار هەموو زەمیان دەکردو ئـەم ڕژدی وچرووکیەیان لێ‌بەعەیب دەگرت وبە خراپ ناویان دەهێنا .

دوڵەمەندەکـە بیسـتیەوە دەرو دراوسـێ چـی دەرهــەق دەڵێـن . ویستی خـۆی بـە چـاك پێشـان بـدا . جـارِی دا لەمـەودوا هـەموو ئێوارەیەکی شەممە خواردن بۆ برسی وهەژاران دەکا .

ئەم خەبەرە وەك برووسکە بەناو دەرو جیرانــان دا بـڵاو بـووەوە . کە دیتیان کابرا دەرگای خسـتۆتە سـەر پشـت ، گوتیـان :[بـەخوا کابرایەکی بێ‌ئەقڵ وبەسـەزمانە ، مـاڵی خـۆی خـۆڕا دەچوێنـێ ، هەبزانە ماڵی کاوڵ وکامباخ بوو ، کەوتە سەر ساجی عەلی .]

دراوسێکان خراپ لە کابرا گەیشـتبوون . نـەیاندەزانی چ دەکـا . کابرا ڕۆژی زیافەتەکە سەگە دڕو هارەکانی بــەرەڵلا دەکـرد وئەگـەر هـەژارێك بـە نیـازی شـێوی ئێـوارە لـە مـاڵی نزیـك بکەوتایــەوە ، سەگەکان هەڵیان دەبری وئەگەر کابرای هەژار بەسـاغی لـە دەست سەگەکان دەرباز ببوایە ، دەبا خێرێکی گەورە بکا.

سەرەڕای ئەمەش خەڵکەکە دەیانگوت :[ئـەم کـابرا دەوڵەمـەندە
زۆر سـەخی ونانبدەیـە ] ئەگـەر چـی سـەگەکانیش لێنەدەگـەڕان
سکی هەژاران تێر بکا ، بەڵام کابرا ناوی هەر بە باشە دەهات .

.......................

## ٥٧ - هەڵۆو جاڵجاڵۆکە

هـەڵۆ بـەرز بـووەوە کەشکەشـانی فەلـەك ولەسـەر چلەپۆپـەی
داربەڕوویەکی بڵند هەڵنیشت کە لەسەر ترۆپکی شـاخێکی بـەرز ڕوا
بوو . هەڵۆ کە لەسـەر چلـی ئـەو درەختەنیشـت کـە تـاڵ وسوێری
ڕۆژگاری زۆر چەشتبوو ، سـەیرێکی خـوارەوەی کـرد - دەشـتیپان
وبەرین وهەراو ، وڵاتـی کـاکی بـە کـاکی وبێسـنووڕو سـەرحەد ،
ئاقـاری گـەورە وفـراوان ، ئـاوی خـوڕو ڕەوان ، مـێرگی سـەوزو
باخچەی پڕ بۆن وبەرام لەبەر چاوی ڕاکشابوون ... بەهار بـەرگێکی
سەوزی ئەتلەسی کردبوە بەر بووکی زەوی ، درەخت وگوڵ وگیاو

کولـووك بۆنیـان قۆنـاغ بـه قۆنـاغ دەڕۆیشـت ... هـەڵۆ تەماشـایەکی کەناری دەریای کرد . دەریا شەپۆلی زل وگەورەی لێ هەڵدەستا .

هـەڵۆ بـەم هـەموو دیمەنـە مەسـت وسـەرخۆش بـوو، خـەیاڵ بردیەوە، لە خۆی بایی بوو ، هاواری کـرد :[سـپاس کـە توانـای فرینم هەیە ! بەخێرا ئەم دوو باڵە بەهێزانەمەوە توانیـم بگەمـە ئـەم جێگا بەرزە وسەیری ئەم هەموو شتە جوانـە بکـەم کـە هیـچ کـەس ناتوانێ بەم جۆرە خۆشی لێوەربگرێ .]

هەڵۆ ، ئاوا شانازی بە خۆیەوە دەکرد کە دەنگێکی نەرم وناسـك لە ژوور سـەریەوە هـات وگوتـی :[هـاورێ ، نـەختێ لـەو شـانازی وبایی بوونە دابەزە ، شانازی بەوە مەکـە کـە گەیشـتوویتە تەشـقی ئاسمان ، فەرموو ئەوا من لە تۆش هەورازتر چوویم .]

هەڵۆ سەری بەرزکردەوە ، جاڵجاڵۆکەیەکی بچووکی دی لەسـەر چلەکانی سەرسەری تەونی دەکرد ... دەتگـوت خەریکـە پەردەیـەك دروست دەکا تا تیشك ورووناکی لێبگێڕێتـەوە. هـەڵۆ لێـی پرسـی : [باشە ، ئەوە چۆن گەیشتیتە ئەم بەرزاییە ؟ بەهێزترین باڵدار ناگاتە ئەم بەرزاییە ... تۆ ئەوەندکۆکەی ، نە هـێزو قـەڵەنت هەیـە ، نە بـاڵ وتاقـەت ... خـۆ بـە چنگـەچرێ بـە شـاخ هەڵنەگـەرای !؟

جاڵجاڵۆکـه وەڵامـی دایـەوە :[نـەخێر ، گیانـه ، زات ناکـەم بـەم شاخە ڕکە هەڵزنێم . بەڵام ڕاستت پێ‌بڵێم خۆم بە پەڕی کلکی تۆوە گرت وبە سەلامەتی گەیشتمە ئێرە ... تـازە کـه گەیشـتمە ئێرەش پێویستم بە یارمەتی تۆ نەما ، بێ تۆ ئیشی خۆم ڕایی دەکەم ... جا لووتت بەرز مەکەو لە پێش من شانازی بە خۆتەوە مەکـە . دەبینـی من وا لـه شـوێنێ خـانوو بـۆ خـۆم دروسـت دەکـەم کـه هیـچ ئافەریدەیەکی زەوی پێی نەگەیشتوە.]جاڵجاڵۆکـه قسـەکانی تـەواو نەکرد بـوو ، بایـەکی تیـژی هـات ، جاڵجاڵۆکـەی فڕانـدو بـردی بەریدایەوە ناو زەندۆڵێکی قووڵ .

........................

## ٥٨ - جوتيـــار وكـــەر

جوتيار بۆ وەرزی هاوین کە سەراپای زەوی دەبیٚ بە یەك پارچە شـینایی وبـەروبووم پیٚدەگـا ، کـەریٚکی بـە کـریٚ گـرت وکردیـە پاسەوانی باخچە وپیٚی سپارد قەل وباڵندەیتری لیٚپاس بکا .

کەر زۆر بە چوست وچالاکی ودڵسۆزی ئەرکی سەرشـانی خـۆی بە جیٚ هیٚنا . هەر باڵندەیەك لە باخچەکە نزیك بکەوتبایەوە دەری دەکرد ، دەستیشی بۆ هیچ شتیٚ نەدەبرد – نە گەلای داریٚـك ، نـە شتلە نەمامیٚك چیە هیچی نەدەخوارد . قنیاتی بە گیاکەڵـەو پـووش وپەلاشی بن شوورەی باخچە دەکرد .

بەلاٚم ئەوەندە هەبوو کاتیٚ کەرەکە ڕاوی تەیرو تواڵی دەناو ولـیٚرە بۆ ئەوی دەکەوتـە دوایانـەوە پیـیٚ لـە گـوڵ وشـتڵەکان دەنـاو پـانی دەکردنەوە .

جوتیار کە دیتی باخچە وبیٚستانەکەی وا کـاول بـوو ، دەستی دایە دارو تا کەر ڕەپ ڕاوەستا لیٚیدا .

بەلاٚم ئاخۆ سووچ سووچی کیٚیە ؟

سووچی کەرەکەیە کە دڵسۆزی ئیشی خۆی بوو ؟ یان سووچی جوتیارەکەیە کە ئیشێکی وای بە کەرەکە سپاردبوو لەو نەدەوە شایەوە ؟

.........................

## ٥٩ - کوکوختی وتفتیلك

کوکوختی لەسەر چلی درەختێك هەڵنیشت وفرمێسکی گەرمی باراند ، تفتیلك چاوی پێکەوت ، پێی گوت : [کوکوختی گیان، ئەوە بۆ دەگری ؟ ئاگرم تێبەربوو بۆ تۆ . ئەوە لەبەر ئەوە دەگری چونکە بەهارەو هاوسەرەکەت دەڕوات ؟ یان لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژ داکشاوە وزستانی بە زوقم وباران نزیك بۆتەوە ؟ توخوا پێم بڵێ بۆ دەگری ؟]

کوکوختی بە دەم هەنسکی گریانەوە گوتی :[خوشکێ ، هەر لێ گەڕێ ، کەسەر هەناوی بەرداومەتەوە ، وخەم دڵ وجگەری

هەڵقرچاندووم . ئەگەر بزانی چیم بەسەرهاتوە ، هەقم پێ دەدەی نەك فرمێسكی ئاسایی بەڵكو خوێن بگریم .

بەهاری من وهاوسەرەكەم لەوپەڕی بەختیاری دابووین . بێچوومان بوو ، بەخێومان كردن ، بە ئومێد بووین كە گەورەبوون بە كەلكمان بێن و وەكو بێچووی خەڵك چاكەی ئێمەیان لەچاو بێ ؛ بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو . بێچوەكانم دەریان كردم ، حاشایان لێ كردم ، ئاوڕیان لێنەدامەوە ... قەت نەمدەزانی شتی وام لەگەڵ دەكەن ؟! توخوا تۆ لەوەتی هەیت ، شیرحەرامی ونانكوێری وسپلەیی وا گەورەت دیوە ؟ جا چۆن خەم وخەفەت نەخۆم وهەست بە ئێش وئازار نەكەم ؟ چۆن حەسوودی بەوە نەبەم كە بێچووی مراوی خۆی لە ژێر باڵی دایكی دەنێ ، جووجەلە مریشك ئەگەر دایكی نەختێ دوور بكەوێتەوە بە دوایدا ڕادەكا ... كەچی من تەنیا ماومەتەوە ، وەكو هەتیوان بێكەس وبێكار ! چ چاكەم لە بێچوەكانم نەدی ! ئاخ لەم دونیایە ، تفتیلك ! جا چۆن دەبێ غەمگین نەبم ؟!]

تفتیلكی میهرەبان وەڵامی دایەوە :[هاوڕێ ، بە ڕاستی دەردت گرانە ، جێی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە . منیش ئەگەر بێچوەكانم

لەگەڵم خراپ بـان ویشـتیان تێکردبـام زۆر پێتێـك دەچـووم وزۆرم خەفەت دەخـوارد . بـەڵام وەرە پێـم بڵـێ تـۆ هـەقی خـۆت دابـوە پەروەردە کردنی بێچووەکانت ؟ هێلانەت بۆ کردبوون ؟ چونکـە مـن قەت نەمدیوە تۆ خەریکی هێلانە چێکردن بیت ، هەر بەم لاو بـە ولادا دەفڕیت]. کوکوختی وەڵامی دایەوە :[نەخێر ، لەوەتی بوویـم هیچ هێلانەم دروست نەکردوە ... تۆ دەتەوێ بچـم بـە ڕۆژی خـۆش وەتاوی گەرم لەسەر هێلکە کڕ بکـەوم ... ! نـەخێر مـن ئیشـی وام نەکردوە وناکەم . من هەموو جـارێ هێلکـەی خـۆم لـەناو هێلانـەی باڵندەکانیتر دادەنێم .]

تفتیلك گوتی :[دە کەواتە نابێ بەتەمای ئەوەش بی بێچووەکـانت خزمەتت بکەن وهەموو ژیانی خۆیان بۆ تۆ تەرخان بکەن .]

.......................

## ٦٠ - ماسی وپشیلە

ماسی لە ژیانی نـاو ڕوبـار کـەوەڕێ بـوو ، بڕیـاری دا لـە بـەژو وشکاتی بژی کـە پشیلەیشـی تێدایـە. ڕەنگـە لـە خواردنـی ماسـی وەڕس بووبێ ، یان ویستبێتی هونەرو شـارەزایی خـۆی پێشـان بـدا، بۆیە ئەم بڕیارەی دابێ .

ماسی داوای لە پشیلە کرد لەگەڵ خۆی بیباتە ڕاوەمشك .

پشیلە گوتی :[ماسی هاوڕێ ، دەزانی مشك ڕاو بکەی ؟ دەترسم هونەری ڕاوەمشك نەزانی؟! ئەگەر وایە ، وا پێشان مەدە ئیشی لە توانا بەدەرت پێدەکرێ ، بە گران لەسەرت دەوەستێ .]

ماسی وەڵامی دایەوە :[خانم ، من لە ڕاوەماسی‌دا پسپۆرم ، لەو بڕوایە دای مشکم پێڕاو نەکرێ؟! ]

پشیلە گوتی :[باشە ، چۆنت دەوێ وچۆنی دەڵێـی بـا وا بـێ . فەرموو بەگەڵم کەوە .]

ماسی لەگەڵ پشیلە بۆ ڕاوەمشك دەرچوو، بـەڵام هـەر یەکـە بە دوای نێچیردا بەلایەك دا چوو . پاش ڕاوێکی سـەرکەوتوانە پشیلە هاتەوە بزانێ ماسی هاوڕێی چی کردوە .

پشیلە دیتی ماسی گینگڵ دەدا ودەناڵێنێ . تومەز مشك كلكیان خوارد بوو وبە نیوەمردوویی جێیان هێشتبوو . هەر چا بوو پشیلە زوو هاتەوە وماسی لە مەرگی مەجاف ڕزگار كرد وبردیەوە ناو ئاو ، بەمەوەش ژیانی كرپەوە .

.........................

## ٦١ - گەسك

نۆكەرێ دوا تلپەی بادە شەرابێكی نۆشی وسەری گەرم بوو ، دەستی دایە گەسكێكی پیس وجل وبەرگی ئاغاكەی پێ خاوێن كردەوە .

گەسك كە هەستیكرد لەباتی زەوی ماڵین جل وبەرگی پێپاك دەكەنەوە ، هەوای مەغرووری لەسەری دا ، بە هەموو هێزو توانای خۆی كەوتە پاك كردنەوەی جلەكان ، بەڵام لەبەر پیسی خۆی تا زیاتر بە جلەكان دا دەهات جلەكانی پیستر دەكرد .

.........................



CamScanner

## ٦٢ - بازرگان وخوارزای

بازرگان لە دوکانەکەی لە پشت مێز وەستاو بانگی خوارزای کرد:

[کورە ئیڤان ! لە کوێی ؟ زوو وەرە بزانە تـازە ئـەم چتـۆ مامڵـەتم کرد ؟ ئەگەر تـۆش وەکـو مـن بکـەی دەبـی بـە بازرگـانێکی گـەورە ودەوڵەمەند . لەبیرتە تۆپە قوماشێکی پۆلـەندیمان هـەبوو ، لـە مێژ بـوو لـە کۆگـا کـەوتبوو ، کـەس فلسـێکی پێ نـەدەدا ، مۆرانـەی کەوتبوێ، عەمبارە سۆتی ببوو، بە نرخێکی باشـم دا ... سـەیر کـە بەم سەد رۆبلەم دا ... بەخوا باش بوو ئەم کابرا بێ ئەقڵەم لێراست هات .]

خوارزای وەڵامی دایەوە :[راستە ، خـالۆ ! بـەڵام ئایـا دەزانـی ئێوە بەراستی کامەتان بێ ئەقڵن ؟

تۆ باش سەیر کە ، ئەو پارەی وەرت گرتوە قەڵپە ، ناچێ .]

........................

## ٦٢ - قورینگ وماسی وقرژاڵ

ڕۆژێ قورینگ وماسی وقرژاڵ ڕێك کەوتن عارەبانەیەکی داگیراو ڕابکێشن .

هەر سێکیان کەوتنە بەرێ ، هەر یەکە بە هەموو هێزی خۆی عارەبانەکەی ڕاکێشا بەڵام عارەبانە هێندەی نووکە دەرزیەك لە شوێن خۆی نەجووڵایەوە .

باشە بۆ ؟ بارەکە زۆر سووك بوو ، ئەو هەموو هەوڵ وهێزە چوە کوێ ؟ هۆیەکەی ئاشکرایە : قورینگ دەیەویست بەرەو ئاسمان هەڵفرێ ، ماسی بەرەو ڕوبار ڕایدەکێشا وقرژاڵیش بۆ پشتەوەی دەبرد .

.........................

## ٦٤ - کەفیل بوو بە پاشای گیانداران

وا هات ، ڕۆژێ فیل بە پاشای هەموو گیانداران داندرا . هەمووومان دەزانین وەك دەستووریکی گشتی فیل گیاندارێکی زیرو هێمنە ، بەلاّم هەموو دەستوورێکیش ڕێز پەڕی تێدایە . ئەم فیلەی ئێمە زۆر نیازپاك ودلفراوان وڕەوشت بەرز بوو ، ئەوەندە بێزەڕ بوو مێشێکی ئەزیەت نەدەدا، بەلاّم ئەوەندە هەبوو نەختێ تام گێل بوو.

ڕۆژێ ، مەڕ هاتنە لای فیل وشکاتیان لە گورگان کرد کە پەلاماری مێگەل دەدەن وچرنۆك لە مەڕان گیر دەکەن وپێستەی پشتیان کەولّ دەکەن . فیل بە دوای گورگانی‌دا نارد. کە گورگ لە بەردەمی حازربوون ، تێی‌ڕاخوڕین :[هەی گورگی تووك ونەفرەت لێ کراوینە ؛ کێ ڕێی داون بچن فەروە لە پشتی مەڕان بکەنەوە . دەمەوێ ولاّتەکەم ئاسوودە بێ، جا بۆ خۆتان باش دانیشن !

گورگ وەلاّمیان دایەوە :[خاوەن شکۆی مەزن ! هێواش بە ! ماوەمان بدە مەسەلەکەت بۆ باس بکەین . سەرمای زستان زۆر سەخت وکوشندەیە ، هەقی خۆمانە هەندێ خوری مەڕان بێنین وخۆمان پێ گەرم بکەینەوە ، جا تووشی هەر مەڕێ ببین هەندێ

خوری لێ دەکەینەوە ... ئەمەیــە مەســەلەکە ، کــەچی مــەڕ هــاتوون شکاتیان کردووەو تۆیان بە جۆرێکی‌تر تێ‌گەیاندوە .

فیل گوتی :[قسەکانتان جوان وبەجێن ؛ بەڵام ئیوەش چاوتــەنگ مەبن ! من هەرگیزاو هەرگیز ڕێگەی زولم و زۆرداری نادەم ، جا بۆ خوتان ئاگادار بن هەر مەڕەو چەنگە خوریەك زیاتری لێ‌نەکەنەوە ، ها!!]

........................

## ٦٥ - مـــاری بەدكـــار

مارێك لە ژێر لیژنەدارێك پەپکەی کرد بوو . هەمیشە لــە دەست بەدكاری ونیازپیسی وتوندوتیژی خەڵك دادو بێدادی بوو ، ڕقی لــە هەموو کەسێ دەبووەوە . تەنیا خراپەی لە مێشـك دابــوو ولــە هــەموو شتێك دا هەر خراپــەی دەدی وگومــانی خراپــەی لــە هــەموو کــەس دەکرد ، چونکە خۆی بە سروشت خراپ وبەدكار بوو .

ڕۆژێ ، مــەڕێکی کلــۆڵ لــە لیژنەدارەکــە نزیــك کەوتــەوە . بەستەزمان نــەیزانی مەترســی تێدایــە ، هــەر هێنــدەی ئاگا لێ‌بــوو مارەکە خۆی بە سنگی داداو کەڵبەی لە خنخنۆکی گیرکرد .

مەڕەکە لەتاو ئازاری خۆی هاواری کرد :[چ خراپەم بۆ تۆ بوە ؟ چ تاوانێکم دەرهەق تۆ کردوە ، مارەکە !]

مار گوتی :[ئەگەر زوو پڕم نەدابایە خنخنۆکت خوا بزانێ چیت لێدەکردم ؟ دیارە بۆیە هاتیتە ئێرە تا پەلامارم بدەی ولەناوم بەری. منیش لەوانە نیم دەستەپاچە دانیشم تا دەردو بەڵام دەگاتە سەر ... تازە لە دەستم دەرباز نابی . ئێستا قلووفت دەکەم .]

مەڕ لە گیانەلادا بوو گوتی :[نەخێر ، نەخێر ، وا نیە ، سەهووی... !]

.........................

## ٦٦ - مەیموون وچاویلکە

مـەیموونێك پـیر بـوو ودەبـەری خسـت ، چـاوی کـز بـوو ... بیستبووی بنیادەم زۆر باکی بە دەردی چاوکزی نیە ، چونکـە هـەر گاوێ چـاوی کـز بـوو جووتـێ چاویلکـەی شووشـە لـەچاو دەکـات وچاوی هێزی جارانی دێتەوە بەر .

مەیموونەکە ئیشی خـۆی پێـك هێنـا وشـەش جووتـە چاویلکـەی پەیدا کرد ، هەڵگێڕو وەرگێڕی کردن ، لەسەر تەوقی سەری خـۆی دانان ، بـە کلکـی خـۆی وەکـردن ، پاشـان کەوتـە لستنەوە وبـۆن کردنیان ، بەڵام چاوی هەر بەکزی مایەوە وباشتر نەبوو .

ئاخیری ئارامی لەبەر برا ، بە تووڕەیی هاواری کرد :[پـەککو ، بنیادەم چەند گێل وکەودەنە ! ئەم چاویلکانە بـەکاردێنێ کـە هـەر هیچ سوودیان نیە ... من خۆم بەم شتە قۆڕانە خەریك ناکەم ...]

مەیموون ، لـەو بـاری تووڕەییـەدا ، چاویلکـەکانی بـە بـەردێك داداو پارچە پارچەی کردن .

.........................

## ٦٧ - دراو

نەزانێك دراوێكی كۆنی دۆزیەوە كە لە ڕووی كۆنینەییەوە نرخێكی زۆری هەبوو، هەمووی ژەنگ وقرێژ بوو؛ لەگەڵ ئەمەش دا پارەیەكی زۆریان پێدا، كابرا نەیدا .

كابرای نەزان لە دڵی خۆیدا گوتی : با نەختێ دان بەخۆم دا بگرم. ئەم دراوە مادام بەم پیسیە ئەوەندە پارەیە بكات، ئەدی ئەگەر خاوێن بێ وببریقێتەوە دەبێ چۆن بێ ؟ با مشت ومالی بدەم بۆ ئەوەی جەوهەران بێنیێو وەك ڕۆژ بچریسكێتەوە .

كابرا بە قوم وچەوو گەچ دراوەكەی پاك كردەوە وتوند توند ڕووەكەی ڕنی تا وەك ئاگر بریقایەوە ... بەڵام دراوەكە لەگەڵ ڕنین وپاك كردنەوە داخوراو بەشێكی زۆری سەنگ وبەهای خۆی لەدەست دا.

.......................

## ٦٨ - گـــولی شـــین

گوڵێکی شینی بچکۆلەو نازدار لە گۆشەیەکی لاپەڕ سەوز ببــوو ، لەناکاو سیس وپووچ بوو ، ملی خواربووەوە وهێندەی نەما بمرێ . لە حاڵی گیان کەنشتا بوو بە چرپە بــە کزەبـای گـوت : [وای دەنـا ڕۆژ هەڵاتبا ! وا بزانم ئەگەر ڕۆژم لێبدا سەر لــە نـوێ دەبووژێمـەوە ودەژیمەوە .]

قالۆچەیەك لە تەنیشت گوڵەکـەبوو ، وەڵامـی دایـەوە :[تـۆ لـەو بـاوەڕەدای ئـەو ڕۆژە گـەورە ومەزنـە ئاگـای لـە گوڵێکـــی بچـــووك وبێ‌نرخی وەکو تۆ بێ ؟ لەو بڕوایەدای مـاوەی هـەبێ بـیر لـە هـی وەکو تۆ بکاتەوە ؟ گیانەکەم ، ڕۆژ هیچ باکی پێ‌نیە تۆ پەژموردە بی یان گەش وڕووخۆش . بڕوات بێ ڕۆژ ئاگای لە شـتی بچـووك هـەر نیە ! ئەگەر تۆ وەکو من دونیـا گـەڕابای ، دەتزانـی هـەموو مێرگـە سەوزو هەراوەکان ، هەموو پاوان وتەبارە گەنمە گەورەکان ، هـەموو باخچـە فـراوان وپڕ باڵندەکـان ژیـان لـــە ڕۆژەوە وەردەگـــرن . ڕۆژ یاریدەی درەختی کەتەو زل وپتەو دەدا وەك داربەڕوو وئەسپیندارو بەڕو توو ... ڕۆژ خشڵێکی زێڕینی جوان لەبەر گوڵان دەکا ، ئــەو گوڵە بۆنخۆشانەی کە ئەوەندە جوان وڕازاوەن تەنانەت ئەو داسـەی

گەردەنیشیان دەبری بۆیان دەگری ... کەچی تۆ ، نـە بۆنت هەیە ونـە جوانـی ، خـەیال نەکـەی ڕۆژ لات لێبکاتـەوە . ڕۆژ ئـەوەندە سەرقال وبیر ئیشە یەك تیشکی خۆی لەتۆ خەسار ناکا ... بۆ خۆت بە کیی بڕاکێ وهەلوەری وبمرە ...!

هەر هێندە قالۆچە قسەکەی تەواو کرد پەڕی زێڕینی ڕۆژ لە کەل دەرکەوت ، ڕۆژ هەلات و تیشکی زێڕینی لە ئاسمانەوە لەم سەرتا ئەو سـەری دونیـا بلاوکـردەوە ... گولەکـەمان ، گولەشـینەکەمان ، هەندێ تیشکی بەر کەوت وگەشایەوەو ژیـان وبەختـەوەری جارانی بۆ گەڕایەوە .

**تـــــــــــەواو**

........................

...................

...............

# ناوەرۆك


١ - بەخت وخازەلۆك
٢ - مەڕ
٣ - مێروو
٤ - بەلەد
٥ - جۆگای خێرخوا
٦ - ڕێوی دەبێ بەقازی
٧ - سەردانی مووزەخانە
٨ - گورگ لەناو کۆلێتی سەگاندا
٩ - تورولە بەفیل دەوەڕێ
١٠ - پەیمانی دۆستێنی
١١ - مشك وڕێوی
١٢ - پەروەردەی مێر
١٣ - گورگ ئاشتی دەوێ
١٤ - گورگ کەوتۆتە تەنگانە
١٥ - کابرا وسێبەرەکەی
١٦ - کەلەشێر مەڕاری بۆ تفتیك دەکا
١٧ - قرچۆك وگەنجینە
١٨ - جێشتکەر وپشیلە
١٩ - پەپوولەگر
٢٠ - شاژنی تازە
٢١ - سێ جوتیار
٢٢ - ئەسپی بێزار
٢٣ - گوزە
٢٤ - بەراز
٢٥ - خشلی کەر
٢٦ - ئاگر
٢٧ - بابی بوونی مێش
٢٨ - مەیموون وئاوێنە
٢٩ - گورگ ومشك
٣٠ - کەوری بێزار
٣١ - دوو لادێیی
٣٢ - ڕێوی ماسی ڕزگار دەکا
٣٣ - قاز
٣٤ - فیلی ڕێزگیراو
٣٥ - مەیموون
٣٦ - ورچ وشانەی هەنگ
٣٧ - خەرواری‌بایی
٣٨ - هەلۆو دارکونکەرە
٣٩ - بەردو ئەلماس
٤٠ - ئەولەدەی بەئەنی لەموسکۆماپەوە
٤١ - لادێیی ورێگر
٤٢ - تیپی مۆزیقە
٤٣ - یادداشتی سمۆرە
٤٤ - لادێیی پێویست
٤٥ - هەوری بەباران
٤٦ - دووگوزە
٤٧ - دارمێو
٤٨ - ئەو جوتیارەی لە کەلبەی ورچ
ڕزگاری بوو
٤٩ - مارو لادێیی
٥٠ - ئاشەوانی گەمژە
٥١ - ڕێوی بەخشندە
٥٢ - دەمی شمشێر
٥٣ - مەڕ وگورگ
٥٤ - گورگ وبێچوەکەی
٥٥ - سەگ وئەسپ
٥٦ - دەولەمەند
٥٧ - هەلۆو جالجالۆکە
٥٨ - جوتیاروکەر
٥٩ - کوکوختی وتفتیلك
٦٠ - ماسی وپشیلە
٦١ - گەسك
٦٢ - بازرگان وخوارزای
٦٣ - قورینگ وماسی وقرژال
٦٤ - کەفیل بوو بەپاشای گیاندارن
٦٥ - ماری بەدکار
٦٦ - مەیموون وچاویلکە
٦٧ - دراو
٦٨ - گولی شین



لەکتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم
ژمارە ( ١٦٤ )ی سـالی ( ١٩٩٨ )ی دراوەتێ